

# کوڵبێنەی دڵ

## شیعر

نووسینی : شکور شێخ محمدامین شێخ جامی /ساڵەیی

بەشی یەکەم ، چاپی یەکەم

# له بڵاوكراوەكانی نووسەر
# (ڕۆژژمێری وڵاتی كورد) ساڵنامە
# ( كوڵبینەی دڵ ) هۆنراوە




## نیشتیمان

له باتی فرمێسكی چاوان ، ئەشكی خوێنینم بۆڕشتی
چ ڕۆژگارێک بوو كە بینیم ، ڕزگارم نەبوو لە مشتی
ئێستاش كاروانم تێپەڕی ، تەمەن ڕۆیی و شكا پشتی
سێبەرێک كە ئاواتم بوو ، نەبوومە خاوەن یەک خشتی

ڕۆژی هەینی /11/27/ 1998 ز ، بەرانبەر 9/9/ 2698/كوردی

## ڕەزامەندی و پاراستنی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان
## بە ڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان هۆبەی سپاردنی کتێب


اقليم كوردستان - العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة الثقافة والشباب
المديرية العامة للمكتبات العامة
شعبة ايداع الكتب

Kurdistan Regional – Iraq / Council of Ministers
Ministry of Culture & Youth – G.D. of Public Libraries

هەرێمی کوردستان - عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
هۆبەی سپاردنی کتێب


ژمارە: ٩٠٦٤
ڕۆژ: ١٨ / ڕەزبەر/٢٧١٩ کوردی

العدد:
التاريخ ١٠/ ١٠/ ٢٠١٩

بۆ/ چاپخانەی ڕۆژهەلات لە پارێزگای هەولێر

ب/ ژمارەی سپاردن

بەپێی یاسای چاپەمەنی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣
ژمارەی سپاردنی ساڵی ٢٠١٩ درا بەم کتێبەی کە لە خوارەوە ناوی هاتووە لە چاپخانەکەتان
چاپ بکرێت بە تیراژی (٥٠٠) پێنجسەد دانە بۆ کتێبەکە، بە مەرجێک (٥) دانە بۆ بەشی سپاردن ڕەوانە بکەن.

لەگەڵ ڕێزماندا....

| ژمارە | ناوی کتێب | نووسەر/وەرگێرانی | بابەت | سپاردن |
|---|---|---|---|---|
| ١ | کوڵبینەی دڵ | شکور محمد امین | شیعر | ٩٤٩ |

سەرباز جەوهەر محەمەد
ج/ بەڕێوەبەری گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
٢٠١٩/١٠/١

تێبینی:
١-نووسراوی سەرەوە، دەقەکەی لە پەڕەی دووەمی کتێبەکە وەکو خۆی دادەنرێت، بەشێوەی سکان
٢-هەرچاپخانەیەک پابەند نەبێت بەناردنەوەی (٥)دانە لە کتێبەکە، جارێکی تر ژمارەی سپاردنی نادرێتێ

وێنەیەک:
-نارگیری خۆیەتی
-هەنگاو
-هەولاو


هەرێمی کوردستانی عێراق – هەولێر – شەقامی کوردستان – پشت وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان
اقليم كوردستان العراق – أربيل – شارع كوردستان – خلف وزارة الثقافة و الشباب
library.kurdistan@yahoo.com
Iraq - KRG - Erbil - Behind MOCY


بە پێی یاسای چاپەمەنی ژمارە ( 10 ) ی ساڵی ١٩٩٣
ژمارەی سپاردنی ساڵی 2019 درا بەم کتێبە لە 10 ی تشرینی یەکەم
بەشی یەکەم 500 دانەی لێ چاپ دەکرێ لە چاپخانەی ڕۆژهەلات
مافی چاپکردنەوەی ئەم کتێبە بۆ نووسەر پارێزراوە
ژمارە ( ١ ) ناوی کتێب ( کوڵبینەی دڵ )
نووسەر ( شکور محمدامین شێخ جامی / سەڵامی )
بابەت ( شیعر ) ژمارەی سپاردن ( 949 )


Shakor Mohammad Ameen Jami
شكور محمدامين شيخ جامي /سالحي

# کوڵبێنەی دڵ

کوڵبێنەی دڵ کۆمەڵێک ووشەی هەڵقوڵاوی ناخمن هەرکۆپلە شیعرێکم بەبۆنەیەکەوە هاتۆتە ئەم جیهانەوە ئەو شیعرانەی باسی جوانی و خۆشەویستی ئەکەن مانای ئەوە نیە ئەوەندە خۆشەویستیم لە ماوەی ژیانما کردبێت، هەندێ جار چیرۆکێک کاریگەری هەبووە بەسەرمەوەو بۆتە هۆی هەڵقوڵانی شیعرێکم ئەو هۆنراوانەش کە ئامۆژگارین یان ئایینین لە هەوای نەفس نەموتووە، هەرهەمووی بەڵگەم لە سەری هەبووە لە قورئانی پیرۆزو وتە جوانەکانی پێغەمبەران و چاکەکاران سەلامی خودایان لەسەر بێت، یەکەم هۆنراوەم لە ساڵی ١٩٨٢ نووسیوە پێمخۆش نەبوو لەم کوڵبێنەی دڵەم بینووسمەوە لەم کوڵبێنەی دڵەم تەنها بەشێک لەو شیعرانەم داگرتووە کە لە ساڵی ١٩٩٢ و دواتر نووسیومن هیوادارم بەو هۆنراوانەی بۆ خەندەی سەرلێو نووسیومن توانیبێتم خەمەکانتان بڕەوێنمەوەو بە ئامۆژگارییەکانیش ڕووناکییەکم خستبێتە سەر ڕێتان

براتان : نووسەر

بسم الله الرحمن الرحيم

# ****( ئیلاهی یا الله )****

ئەی خالقی حەق، ئەی خودای غەفوور
ئەی تاک و تەنها، شاهی بێ سنوور
خۆت ئاگاداریت، چەند سەرگەردانین
گیرۆدەی داوی، نەفس و شەیتانین
خودایە دڵمان، لە ئاست یەك پاك بێ
خزمەتمان تەنها، بۆ خودا و خاك بێ
لە یادمان نەچێ مەرگ، وا چاکە
لەم خاکە بووینە و، شوێنیشمان خاکە
هاتوومە دەرگات، خاوەن بڕیاری
تا ڕزگارمانکەیت، لە وێرانکاری
دوژمنمان زۆرە و، خۆمانیش سەربار
پەنای تۆ دەگرین، خودای کردگار
ئەم نیشتیمانە، هەر ئاوەدان بێ
جێی ڕەزامەندی، تۆی میهرەبان بێ

2011/10/14 /هەینی ٢٦/٧/ ٢٧١١/ ك

# ****((چیرۆكی ژیانی من))****



با هەڵیرێژم ، چۆن چوو تەمەنم
دوور نیە بڵێن، كای كۆنە شەنم
بۆ ساتێك خۆشیم، بینی بە چاوان؟
بە دەگمەن خەندەم، هاتۆتە لێوان؟
دوێنێم وا مردو، تەرمی تێپەڕی
ئەمڕۆش ڕۆژگارم، وەك سەگ پێم وەڕی
ئەبێ چۆن شادبێ، دڵم بە سبەی
كە لە ڕابردووم، هیچ نەموت ئۆخەی

# ((نیشتیمان))

*************

لـە باتی فـرمێـسكی چاوان ،
ئەشكی خوێنیـنم بۆ ڕشـتی
چ ڕۆژگارێك بوو ، كە بینیم ،
ڕزگارم نەبـوو لـە مشــتی
ئـێستاش كاروانم تـێـپەڕی
تـەمەن ڕۆیی و شكا پشـتی
سـێبەرێـك ، كە ئـاواتم بـوو
نەبوومە خاوەن یەك خشتی

*****27 / 11 / 1998*****

مانگی ( سەرماوەز ) ڕۆژی هەینی ٩ / ٩ / ٢٦٩٨

# ****((چیرۆکی پێ لێنراو))****



بریا دەمزانی، ڕۆژگارم
چی لە ناخیا، حەشار داوە
ڕۆژگاری، ژینی ڕابردووم
چیرۆکێکی، پێ لێنراوە
شەوگارم، خەونی ناخۆش و
ڕۆژگارم، پڕ لە مەینەت بوو
کەچی سەرباری، گشت دەردێ
خەمێ زیادی کرد، کە داوە

*٩/١١/١٩٩٨/ ز / دووشەممە ٢٢/ ٨ /٢٦٩٨/ کوردی

# *(( بەلبەلە ))*

بۆ تۆ، وا لە من گەیشتی
کە بێ خەم، دەژیم لە ژین ؟
کوا لە سەر ئەم خاکەی ئێمە
مرۆڤ هەیە، بێ برین؟


بەلبەلە و گەلحەج گەلحەج و، تا مابێ مەقۆ مەقۆ
برینمان گەورە تر دەبێ، بە بێ گوللە و بێ چەقۆ

هەتا میللەتم، ڕوون نەبێ
پێش چاو و هەستونەستی
تا، تاکی گەل، بۆ گەل نەبێ
تێکۆشان و مەبەستی

هەتا لاوی کورد نەڵێ نا، بۆ جەنگ لەگەڵ میللەتی
هەر دەبێ بن دەستەبین لای، لە خۆ بایی و (پۆڵپەتی)(١)

*** ٢٧ / ١١ / ١٩٩٨ / ز*
هەینی ٩ / ٩ / ٢٦٩٨ / ك **
١= پۆڵپەتی، واتە ڕەشەکوژەکان

# ((مانگە کوردییەکان))



کە ( نەورۆز ) دێت، هەناسەیەك، هەڵدەکێشم
وەك مەرهەمێك ، لابەرە بۆ، دەرد و ئێشم
کە ( نەورۆز) دێت، گەر خەمی دونیام لە کۆڵ بێ
هەمووی دەڕوات، با شوێنم خاك یان سەهۆڵ بێ
گەر وەك بێستوون، ڕۆژگار ناخمی کون کردبێ
یان دوژمنێک، ماڵمی بە تاڵان بردبێ
وەك وێنەیەك ، دەچێتە نێو، یادگارەوە
کە ( نەورۆز ) دێت، بە مزگێنی و بەهارەوە



یەکی مانگی یەك، کە ( خاکەلێو ) ە
ناوی پیرۆزی، ( نەورۆز ) ی پێوە
بیست و یەکی سێ، سەر ساڵی کوردە
ناوی شیرینی ، شەکری سەر لێوە

حەوسەد ساڵ لە پێش، عیسای کوڕ مەریەم
بەرواری کوردی ، هاتۆتە سەر دەم
لە دامەزرانی ، دەوڵەت ( ماد )ە وە
جەژنی ڕزگاری ، لە جەور و ستەم

* * * * * * *

مانگی یەك ( نەورۆز ) ( خاكە لێو ) هەمان
وەكو مانگی دوو ( بانەمەر ) ( گوڵان )
ئینجا مانگی سێ ، ئەبێتە میوان
كە پێی دەگوترێ، مانگی ( جۆ زەردان )
مانگی چوار ( پووشپەڕ ) ، پێنجیش ( خەرمانان )
شەش ( گەلاوێژ ) ە ، حەوتیش ( مشتاخان )
كە دەكات ( ڕەزبەر )، هەر وەك (خەزەڵوەر)
كە مانگی هەشتە ، هەم ( گەڵاڕێزان )
نۆ (سەرماوەز)ە ، ساردی بێ وچان
( دە ) ( بە فرانبار )ە، یانزە (ڕێبەندان)
( ڕەشەمێ ) دووانزە و، كۆتایی ساڵە
ئەمە بوو ناوی ، مانگە كوردییەكان


* * *

٢١ / ٣ / ١٩٩٢ / ز شەممە / ١ / ١ / ٢٦٩٢ / ك

***لە گۆڤاری (( ڕەنگین )) ی ژمارە ( ٥٧ ) ی
ساڵی ١٩٩٣ بڵاو كراوە تەوە ***

**************************************************

# ((کاروانی خەم))



(لە سەر زاری خاتوو ( مینا ) هاوسەری جەنابی قازی)

کاتێ کاروانی خەم گەیشت، پێش قەتار هاتە نێو ماڵم
دوانزە مانگەم نەهاتی بوو، واتە تاڵبوو هەموو ساڵم

ئەو فرمێسکانەی کە شادی، دەبەخشی بە دڵی شێواوم
چاوگەکانی وشک بوونە و، بەرەو نەمان دەچن چاوم

*______*______*______*______*______*______*

19 / 9 / 1995 / ز . سێ شەممە ١ / ڕەزبەر / ٢٦٩٥ / ك

# (( گەلاوێژی بەربەیان ))



دەستەمۆ نییە و نەبووە ، گەلاوێژی بەربەیانم
کە بێ مەیلە، لە ئاستی من ، هۆیەکەی چییە، نایزانم
دوور نییە لە ئازاری دڵ ، بێ ئاگابێ ، یان ئەوەتا
گەلێ بەرزە و، منیش ونبووی، چەرە دووکەڵی خەمانم

** شەممە / ١٨ /١١/ ١٩٩٥ / ز ( ٣٠ /٨ (گەڵارێزان) ٢٦٩٥/ ك )*

# ((سەرینی مەرگ))



سەر لە سەر سەرینی مەرگە و، دڵ باغی گوڵزارە هەر
شـــەونخوونیم ئێشی دڵمە و، چاو لە ڕێگەی، شـارە هەر

گـریـانـم، بۆ مەرگم نیـە و، بۆ دابڕان ، یـارە هـەر
تەنها یار هۆی زامی دڵمە و، بە تەنها، خۆی چارە هـەر

گوتیـان یارت، بوو بە شاری و، تۆی لە بیر نەشماوە هەر
کـەچی دڵ مـن، بڕوا نـاداو، ئەشقـی ئەو لێم، بارە هەر

***************

********************

15/ 2 / 1994 / زایەنی *** سێ شەممە : (ڕێبەندان) ٢٨ / ١١ / ٢٦٩٣

# (فیدای نەققاش بم)



ئەی پەری و فریشتەی من، شێوەت نیە لە جیهان
بە دەستی هێز و توانا، وێنەی بۆ، کێشای یەزدان
بە تیشکی جوانی تۆیە، ئەمڕۆ کە وا سوتاوم
تروسکی چاوانی تۆ ، کاریان کردووە لە چاوم
بینینی تۆ، بۆ دڵم ، یارمەتییە و پەنایە
ئەوەی بە پاوەی هێشتووم، بە تەنها هەر خودایە
فیدای، نەقش و نەققاش بم، کە شێوەی بۆ کێشاوی
گەرچی کەمت دەبینم ، بەڵام، هەر لە بەر چاوی

ڕۆژی هەینی : ١٣ /٣/١٩٩٢/ ز / بەرامبەر (٢٤) ی مانگی ڕەشەمەی ٢٦٩١ کوردی

# ***(( ژیان بە تۆوە خۆشە ))****



ژیـان، چەن خۆشــە، ئەزیـزم، مردنــە، گەر تۆ نەبی
بەهەشـت، بە حۆرەوە جوانە، سـۆتنە، گەر تۆ نەبی
لە ئاهەنگێ، دەسخە دەستم، با جارێك، بڵێم ئۆخخەی
ئاهەنگ، بە تـۆوە، شـیرینە، شـیوەنە، گەر تـۆ نەبی

*** *** *** *** ***

وەرە، ئەی ماهی تـاباتم، تـۆ فریشـتەی؟ یان پەری؟
یان لە بەهەشت ڕا هاتوویتە، پێمخۆشە منیش بەری
هێـنـدە غەریـب و داماوم، پێـمدەڵێـن، ئاخیر شــەڕی
چ باکمە، هەر با لۆمەمکەن، بەسمە تەنـها تۆم هەبی

چوارشەممە ١/٢/١٩٩٥/ ز* ١٤/ ١١ (ڕێبەندان) ٢٦٩٤/ ک

# ((ئەستێرە شوناس))



ئەستێرە شـوناس، بڕوانـە بـەختم
بڕوانـە چی بوو، هۆی زامی سەختم
پێـمبڵێ، تـا کەی، نـەگبـەتی ئـەوها
لێـم ئـاڵـۆز ئـەکات، رۆژگار و وەختـم
تا کەی، بێچارە و، دوور لە یـار ئەبـم؟
تا کەی، لە ڕۆژ و، شـەو بێـزار ئەبـم؟
قوربان، چارەیەک، ئەسـتێرە شـوناس
تا کەی، لە ئـێشا، وەک پێچ مار ئـەبـم؟
گەرچی، بـورجـەکـەم، بە ئەبجەد شـێرە
بـەڵام، لـە مێژا، شـێر، کـەوتـەی ژێـرە
لـێم ، ڕا مـەمـێنـە، وەڵامـم ئـەوێ
ڕزگـارم بکـەیـت، شـەڕ نیـە، خـێرە
ئەسـتێرە شـوناس، پیـری زەمانـە
بزانـە بـەختـم، لـە کـام وێـرانـە
لـە چ قـوژبـنـێـک، ژێـر کـەوتەی خۆڵە
بەڵکم دەریکەیت، بـەو سـەر پەنجانە

ڕۆژی هەینی : ٢٤/٧/١٩٩٢ز * مەنگی (خەرمانان) K / 2692 / 5 / 6

لە لاپەڕە ( ٢٢ ) ی گۆڤاری (ڕەنگین) ی ژمارە (٧٣) ی ساڵی ١٩٩٤ بڵاو کراوەتەوە

## ****(( لەگەڵ شەماڵا ))****

لە گەڵ شەماڵا، ناردم سکاڵام
لە تۆوەش بۆمهات نامەی پڕ وەڵام
نامەم کردەوە، پڕ لە هەستی جوان
دەرمان بوو بۆ دڵ، هێز بوو بۆ چاوان
بە ناوی خودا، خوێندمەوە کەم کەم
پێی شادمان بووم، ئازاد بووم لە خەم
وا بۆ یادگاری، لامە نامەکەت
نامە جوانەکەی، پڕ بەرامەکەت
خۆ، لە یاد ناچیت، تا لە ژین ماوم
بەڵام، سەیریکەم، دێیتە بەر چاوم
ئەوسا، هەناسەی، دووریت بکێشم
سارێژ بۆ برین، مەرهەم بۆ ئێشم
کاتی مردنیش، فرمێسك بە تاو
دا ببارێتە، سەر پیتی جێماو
تا گشت بزانن، ئەسرینی چاوم
تەنها بۆ تۆیە، یاری جێماوم

سێ شەممە / ٣ / ١١ / ١٩٩٢
بەرامبەر ١٦ / ٨ = گەلاڕێزان ٢٦٩٢ / ی کوردی

# ****((عاقیبەت تەمەن))****

عاقیبەت، تەمەن، باڵی گرانی
کێشایە سەر دوو، هاوسەری گیانی
جا دانیشتبوون، لە ماڵ دوو بە دوو
تەمەن مایە پووچ، منداڵیان نەبوو
دەیانکرد باسی، ڕابردووی ژیان
گاهێك پێکەنین گاهێکیش گریان
ئەمە باسێکە، لە گوفتەی گوڵێ
کە ڕوو ئەکاتە، هاوسەری و ئەڵێ
کیژۆڵەیەك بووم، جوان و نەرم و شل
گەردەنەی زێڕ و، مێخەکم لە مل
ئەچووم بۆ کانی، بەلار و لە نجە
گۆزەم لە سەر شان، گیرۆدەی پەنجە

زیاتر لە جارێك، بێ هۆ دەهاتم
تەنها دیدەنی ، تۆ بوو ئاواتم
تۆش ڕا ئەوەستای، لەو کەژ و کێوە
بزەت ئەدایە، ئەو دەم و لێوە
یان ڕا دەوەستای، لە ڕێی بەرماڵان
چاو لە ڕێی کانی، وەك شێت و وێڵان
منیش بە لەنجە، خۆمم ئەنواند
بەو لەنجە و لارەم، تۆم پێی ئەتەزاند
یان لە سەر بانان، شەوقی ئاوێنە
کە بۆ عاشقان، سەرنج بزوێنە
لە ماڵ دەردەچووم، تۆ دەکەوتییە دوام
بێ شک دەمردی، ئەگەر بۆت نەبام
تخوا پیاوەکە، ئەی هێزی ئەژنۆم
تۆش باسی بکە، کەچیت ئەکرد بۆم

لالۆ پاڵی نا پێشووی کڵاوی
ئاخی هاتە زار بۆ کاتی لاوی
گوتی، هەزار ئاخ ، لە چەرخی بەدکار
ڕۆژمان لە دەس چوو، هاتینە شەوگار
ئێمە چیمان دی، لە دەوری ئەفلاك
یان ڕۆژی ڕەش بوو، یان شەوی سامناك
بەڵام ئەوەی من، کە نایکەم لە یاد
پێی بەختەوەر بووم، بە دیدارت شاد
ناچێ لە یادم، ئەی مانگی ڕۆشن
کە گیرۆدە بووم، بە خاڵی گەردن
تەنها هەر تۆم بووی، لە بەر دوو چاوان
دووریت، لێم ئەبوو، بە باری گران
ئێستاش، ئەو گوڵەی، هەرماوی، لە دڵ
حۆری بەهەشتمی، دوای نووستنی گڵ
لە دڵ، دەرناچی،، ون نابی لە چاو
تۆ شوعلە بەخشی، بە شێوەی، هەتاو

دووشەممە : ٦/١ / ١٩٩٢ / ز
جۆزەردان : ١٤/٣/ ٢٦٩٢/ ک



لە گۆڤاری (ڕەنگین)ی ژمارە ٥٥+٥٦
سڵی ١٩٩٣ لاپەڕە (٥١) بڵاوکراوەتەوە

# ( ئەی پەری )



ئەی پەری گەواهە ئاهم، گەر کەمێک هەستت هەیە
چارەیەک لە ڕێی خودا دا، ئەم ئازارەم تا کەیە ؟
خۆشم ویستیت، تاوان بوو لات، پشکۆت نایە سەر دڵم
بە فەرموودەت، کە فەرمووتە، گوایە بەندەت، کاکەیە
بە تەنها بۆ خەندەیەکت، فیدات ئەکەم، دڵ و گیان
ئەو وشەی وا، لە سەر زارتە، لێی دەترسێم وەکو جان
وەک ئەڵێن جیننیش ڕا دەکات، لە بیستنی ناوی خوا
کە (بسم الله) زۆر پیرۆزە و، پێشەکیشە لە قورئان

# (( کوڵبێنەی دڵ ))



ئازیزەکەم، لات وا نەبێ، جل و بەرگە
ئەوەی بۆ تۆ، هەڵکڕوزا، دڵ و جەرگە
شتێك نییە، یادت لە دڵ، بشێوێنێ
دوورخەری من، لەم دەرگایە، تەنها مەرگە

* * *

شیرینەکەم، لات وا نەبێ، پەڕۆ و پاڵە
ئەم سوتانە، بێ وێنەیە، چەندین ساڵە
تەنها بە تۆ، دا دەمرکێ ، ئەم ئاگرە
گەر تۆ نەبی، کوژانەوەی، زۆر مەحاڵە

# (( وەسفی دایک ))







که ویستم وەسفی دایك، بخەمە نێو هەڵبەستم
پیتەکان مەلول دامان، نەهاتن لە دوای دەستم
وتیان ئاخر کەی ئێمە، شایستەی وەسفی دایەین
ئێمە بۆ باڵای دایك، وەکو کای بەر ئەو بایەین
مەگەر بێئاگای لەوەی، دەستووری ئاسمان وایە
سوپاسی دایك و باوك، یەکسەر لە دوای خودایە ؟

# **** (( نازداری ئەرمەن )) ****




ئەبرۆی کەوانە و واهات، گیانی منی بە دەستە

چاوان ئەستێرەی قوتبن، برژانگ تیرن بە دەستە

چاو لە ڕێگەم، وەستاوم، بەڵکم یارم ڕابوورێ

زۆر ماندو و پەرێشانم، باران دەبارێ شەستە

شێخی سەنعانە شێخم، لەو دەردەی ئەو تلاوم

یاریش نازداری ئەرمەن، ئای کە بێباك و مەستە



کە یار لە ماڵ دێتە دەر، مەلەك بۆی دێنە سەما
ئاهم دەچێتە ئاسمان، لەگەڵ ئازاری جەستە
ڕۆژێك لەگەڵ هەتاوا، تروسكی دا ..... لە تاوا
دەستە و دامێنی كەوتم، نەسووتێم، بەو مەبەستە
ئەو ڕۆژە ڕۆژی كۆ بوو، لاوان گشت باوكەڕۆ بوو
منیش دەنووزامەوە، لای ئەو وا بوو هەڵبەستە



لەو ڕۆژەوەی دەرکەوت، هەرکەس دوای کەوت، کەوت
بێ باك لە ناڵە و گریان ، هاوڕی نەدا و نەوەستا
فرمێسکی چاو بێ سوودە ، یار لە بەرەی نەمروودە
گڕ لە دەروون بەردە دا، بۆی داناوە کەرەستە

(١/٧/ ڕەزبەر / ٢٦٩٥/ ك) سێ شه ممه: 1995/9/19/ز

# (( هەولّی بێوچان ))

هـەوڵی بێـوچـان، هەر بۆ دینـارە
لە دووری ئـەوە، هـەژار، هـەژارە
بارکێش ئەو بارەی، دەینێتە سـەر شان
بە گەرمای هاوین، بە سەرمای زستان
بـە درێـژایی ژیـان، هـەر پـەرێشـانـە
ئەم ماندوو بوونـەی، بـۆ تیکەی نانـە
پیـاوی وا هەبوو، سەرمایە دار بـوو
لە ناو خەڵکیدا، ناسـراو و دیـار بوو
لە نـاکاو فـەلـەك، شـکـانـدی پـەلـی
هاتە سـەر ساجـی، حەزرەتی عەلی
لـە ماڵـی نـەما، دانـەیـەك هـەرزن
بـوو بـە گـاڵتـەچـی، منـداڵ و مـەزن

دەبا دوور نـەڕۆم، باسـی خۆم بکەم
هـەرچەنـد قانیعم، چ زۆر و چ کەم
مانگی چەندینجار، نەخۆش و بێزار
چـونـکـە بێ مەیلـە، لەگەڵ من دینار
کـام دەوڵـەمەنـدو، هـەرچی هەژارە
ڕاکـە ڕاکـەیـان، لـە دوای دینارە
هەرکەس غەمبارە و، لێوی بـەبـارە
غـەم و پـەژارەی، دووری دینـارە
هەر بژی دینار، هەر بە خۆت بەختی
بـە تۆوە بـەنـدە، پـادشا تـەختی

دووشەممە : 25 / 5 / 1992 / ز ** * ** مانگی جۆزەردان : 7 / 3 / 2692 / ک

لە لاپەڕە (٢٢) ی گۆڤاری (ڕەنـگین) ی ژمارە (٥٨) ساڵی ١٩٩٣ بڵاوکراوەتەوە

## ******(( دڵبەرەکەم ))******

لە چواردە ساڵی، گوڵێکی دیار بووی
نۆبەرەی داری ، یەکەم بەهار بووی
سووکەڵە و ناسك، تازە پشکووتوو
خەندەت لە سەر لێو، شەکەر لە زار بووی

لە شانزە ساڵی، وەك داری سەروو
لەنجەت لەگەڵ بای، شەماڵدا دەبوو
لەگەڵ شنەی دا ، دەلەرایتەوە
لاوان بەعیشقت، دڵ سەودا ئەبوو

لە هەژدە ساڵی، وەك کانی وابووی
گیا و گوڵی بەهار، دەورەی لێدابووی
ئای کە شیرین و، جوان بوو دیمەنت
لەگەڵ دەورو پشت، ئێجگار جودا بووی

له بیست ساڵیدا، وەکو خۆرەتاو
ڕووناکیت، ئەیدا له گلێنەی چاو
هەنێ جار گەرمی و، جارجار سوتێنەر
دڵ و دەروونت، ئەکرد بە خوێناو

له بیست و دوو ساڵ، وەك مانگی چواردە
رۆشن بەخش بووی، بۆ چاو و جاددە
شەو له شەو گەشتر، ئەبووەوە پەخشت
شاعیر، له ئاستت، نەیبوو ئیرادە

له بیست و چوار ساڵ، بووی به گوڵی باغ
به بۆنی خۆشت، پڕتەکرد دەماغ
بینەر بۆ مژی، بۆنت شەیدا بوون
لاوان له دەورت، بە شێوەی نەساغ

لە بیست و شەش ساڵ، سێو گەیشتوو بووی
بەهەشتی و دونیا، لە بەینی دوو بووی
(قەیس) و (فەرهاد) و (کاکەمەم) من بووم
(لەیلا) و (شیرین) و (خاتوزین) توو بووی

ئێستاش ئەزیزم، وا بیست و هەشتی
ئاسکی تەتار و، پەری بەهەشتی
وەرە ئەمجارەش، ئاشت ببینەوە
تا نا حەز کوێر بێ و، شیوەن بێ گەشتی

((ڕۆژی هەینی/1992/6/26/زایەنی))
((پووشپەڕ/٨/٤/٢٦٩٢/کوردی)) نووسیومە
لە ڕۆژی شەممەی ١ / ٤ / ١٩٩٥ ناردم بۆ گۆڤاری ڕەنگین

# ***(سزاو سۆز)***

پێمخۆشە بمدەی لە دار، نەک جێمبێڵی بە جارێ
بە داخستنی دەرگا ، مەرگ، لە من دەبارێ
ئەو سزایەت گرانە، دەشکێنێ پشت و لەشم
ئەگەر بزانم ڕۆژێک، لە دیدارت بێ بەشم
ئەو ڕۆژەی تۆ جێم دێڵی، تاریکی ڕۆژی ژیانە
هەر دڵت نەشکابێ لێم، ئەو ئازارەش ئاسانە
خوا نەخواستە ڕەنجابی، کۆتایی شادی ژینمە
تا سەر دەنێمە ژێر گڵ، کۆتایی پێکەنینمە
تۆ نیشتیمانی منی، ئەی کانگای هەست و شیعرم
تەمەننام کردووە لە خوا، بەر لە مەرگی تۆ بمرم

****************************

ڕۆژی هەینی : ٢٢ /٩ / ٢٠١٧/ زایەنی

مانگی ڕەزبەر : ٥ / ٧ / ٢٧١٧ / کوردی

# ******(( خەندە ))******



که خەندەت، بینی لە لێوم، نەڵێی گێل و بێ خەمە
خەمی من، خۆی لە ئاسمان سوو، گێلی گەر بڵێی تەمە
بڵێسەی دڵ، هێندە گڕە، نیل و فورات بۆی کەمە
ئەوەی دامرکێنەری بێ، تەنها شاری ماتەمە

پێنج شەممە : ١٩٩٢/١٢/٣/ ز = ١٥ / ٩ / ٢٦٩٢ /ی کوردی

ئەگەر چی (هەژار) لەخانەوادەیەکی هەژار بوو و لەگەڵ بنار لە هەمان شەو هاتبوونە جیهانەوە، بەڵام (بنار) کچی کوێخای دێ بوو و دوابەرە و خوشکی شەش برا بوو، تەنها دیوارێک لە نێوانیان هەبوو و هاتوچۆی خێزانییان بە سەر یەکەوە هەبوو، لە تەمەنی یەک ساڵییەوە پێکەوە یارییان ئەکرد، ئەگەر ساتێک پێکەوە نەبوونایە بۆیەکتری دەگریان، کە بوون بە حەوت ساڵ زانییان جیاوازی هەیە لە نێوان کوڕو کچ، شەرمیان ئەکرد پێکەوە وەک دوو مناڵی بێگەرد و دڵپاک یاری بکەن، بەڵام ئەم دوور کەوتنەوەیان لە یەکتر نەبووە هۆی پەرەپێنەدان بە خۆشەویستییەکەیان، کەتەمەنیان گەیشتە چواردە ساڵ چاو بڕکێیان ئەکرد و لە سەر بانەوە تیشکی ناوێنەیان لە یەکتر ئەگرت، کە کوێخا بەمەی زانی کێشە کەوتە نێوان هەردوو خانەوادەوە و ماڵی هەژار وەدەر نران بۆ لادێیەکی نزیک، کەتەمەنیان گەیشتە بیست و چوار ساڵ ، خانەوادەی هەژار خوازبێنییان کرد، بەڵام لێیان چوونە ڕقاو بە شێوەیەکی نا شایستە و ناشیرین وەڵام درانەوە، ساڵانێک بەسەریانا تێپەڕی و بنار دەرەوەی لێ قەدەغە کرابوو ، کەسانێکی دیارو بەتەمەن هاتنە نێوانیانەوە تا ئەو دوو خۆشەویستە بە یەکتر شاد بکەن، بەڵام خانەوادەی کوێخا زیاتر ڕق ئەستوور ئەبوون، هەر بە هەمان هۆوەش کەس داخوازی بناری نەدەکرد دەیانگوت حەزلێکردەی هەیە، ساڵانێکی زۆریان بە سەردا تێپەڕی، دایک و باوکی هەردووکیان کۆچی دواییان کرد، بەڵام باوکی بنار تاکە وەسیەتی ئەوەبوو کە (نابێ بنارو هەژار بەیەکتر بگەن)، ڕۆژ هات و ڕۆژ چوو ئازاری عیشقی بنار گرێکی گەورە بوو و ڕۆژ لە ڕۆژو شەو و لە شەو زیاتر هەژاری دەسوتاند، تا دایە ئەرزا، ئەخۆشکەوتنی هەژار دەنگی دایەوەو ئائومێدی ژیان تەنگی پێی هەڵچنی بوو، تاگەیشتە ئەو ئاستەی بەڵۆکە ئاو بکرێتە سەر لێوە وشکەکانی، هەواڵی نزیبوونەوەی کۆتا سەفەری هەژار چرپێندرایە گوێی بنارا، بەم هەواڵە پشکۆی عیشقی داگیرسایەوەو زۆر بە پەلەو بە پێی پەتی بۆ کۆتا سات خۆی گەیاندە ماڵی هەژار بەڵام چی بینی؟

# ((ئەشكی حەسرەت))

ئەو كەسەی تا، دوێنێ لاو بوو
خاوەنی پێ و، هێزی چاو بوو
ئەوا ئێستا، لە سەر ڕایەخ
دەستی مەرگە لێی دەگرێ یەخ
كۆنە یاری، دیلی دەوران
لە ژوور سەریە، چاو بە گریان
فرمێسكی چاو، دانە دانەی
دەتكایە سەر، ئەو لێوانەی
دەیگوت ئازیز، خۆشەویستم
چاو بەرزكە، دیدە مەستم
ئەوا هاتووم، بۆ دیدارت
گوفتەی خۆتە، منم چارت
ئا بەم شێوە، كۆنە دڵدار
هیوای ژیانی، ئەدا بە یار

هێنـایـە جۆش، دڵـەی سوتـاو
جولاندی سـەر، بەرزی کرد چاو
هاتـە گوفتـە، بـە خـەنـدەی لێـو
گـوتی، هـاتی، ئـەی چیـاو کێـو؟
دووری تـۆ بـوو، دەوای دەردم
هێـز بـڕاو و، وا ڕەنـگ زەردم
لـە منداڵـیم ، تـا بـە ئـەمـڕۆ
هەر بۆ تۆم بوو، شیوەن و ڕۆ
کاتێ چـووینە، لووتکەی گەنجی
گەلێ شاد بووم، من بە ڕەنجی
هەرگیـز نـەمبـوو، یادی مردن
تەنها تۆ بووی، لە بیری من

به ساڵا چووین، شیرینتر بووی
له ناو دەروون، گەورە تر بووی
بەڕێزتر بووی، تۆ لە لای من
لە ڕێی عەشقت، خۆشبوو مردن
گەردی ڕۆژگار، نیشتە پێستم
سەران سوڕمان، لە هەڵوێستم
هەڵوەستە و، فکر و خەیاڵم
بۆ تۆ بوو، ئەی پەری ماڵم
ئێستاش کە پێم، لە ڕۆخ گۆڕە
وا سەرم، بۆ مەرگ شۆڕە
ئەشکی حەسرەت، دێ لە چاوم
بۆ تۆیە هەی، نێو هەناوم

***

مەرگ دەمبات، ڕوو بەرەو خۆ
کۆتای ژین دێ، دووربێ لە تۆ
کاتێك کەسم، دڵ پڕ وەیە
ڕووح، لە دەرگای، ماڵ، ئێوەیە
هەرکات لاشەم، دەرچووی خاکە
وای بیستوومە، زۆر سامناکە
حەشری ناوەو، ڕۆژی کۆیە
لەو کاتەش، هەوڵم بۆ تۆیە
کە لە حەشر، من دێمە دەر
خۆشەویستی، تۆم هەر لە سەر
جا، دەربچم، بە هەر شێوە
ڕووم ئەکەمە ، ماڵی ئێوە

١١/حوزە یران /١٩٩٢/ز
پێنج شە ممە /٣/٢٤ /جۆزە ردان/٢٦٩٢/ك

# **(چی بنووسم)؟**

موحەییەرم چی بنووسم، بۆ وەسفی ئەحمەدی موختار
یارمەتی لە تۆ دەخوازم، ئیلاهی، خاوەنی ئەسرار
پێغەمبەران گشت فەرموویان، ئەحمەدی موختار لە ڕێیە
کە هات، پێشوازی لێ بکەن، دەستووری ئاسمانی پێیە

ئەو شافعی موزنبینە، ئەو روناکی دونیا و دینە
هێنەری راستی و یەقینە، ئەو (محمدُ الآمین)ە
پێشەوای پێغەمبەرانە، سەر بەرزی هەردوو جیهانە
لابەری تاریکی ژیانە، زۆر بەخشندە و میهرەبانە

ئەو دەریای، عیلم و عیرفانە، ڕووناکی ئەو بۆ جیهانە
ڕێگای ئەو، ڕاست و بەرینە، لادان لەو ڕێیە تاوانە
خاوەنی ئەقڵ و کەماڵە، ئاین بە بێ ئەو بەتاڵە
ئەو ڕێنماییتان دەکات، چی حەرامە و چیش حەڵاڵە

ئەی ئەمینی هەموو ئوممەت، ئەی لابەری دەرد و عیللەت
ڕەحمەتەن لیلعالەمینیت، بوویتە بە خێرو بەرەکەت
پێغەمبەری هەموو کاتی، لەگشت کاتێکدا ساباتی
دونیا ئەویست لە سێبەرتا، ڕزگار ئەبێ لە ئافاتی

*****************************************



# (( بەفرو خوێن ))

ئەو ڕوومەتەی بەفرو خوێنە ، ئەو چاوانەی دڵ بزوێنە
شاعیر نەبێ کێ دەتوانێ ، بیخاتە ڕوو وەك ئاوێنە؟

ئەو بازاڕەی، سەر سینەی تۆ، ئەو خاڵەی ژێر، گەردەنەی تۆ
بێ زیادو کەم، خەندەی سەر دەم، (شاعیر) دێنێتە باوکە ڕۆ

****************************************

******دووشەممە/١٥/٥/١٩٩٥/ ز /٢٥/٢/٢٦٩٥/ ك******

**********************

# ((( مەڵێن مەگری )))

مەڵێن مەگری، مەڵێن مەگری
گریان تەنها، بۆ من باشە
دڵ پشکۆیە و نا کوژێتەوە
هەڵیش نا گرترێت، بە ماشە
سینەی گڕ گرتووم، تەنوورە
زامی دڵم، بێ سنوورە
ڕێی خەیاڵم، بەرەو ژوورە
کۆتایی نایێت، زۆر دوورە
ئەمە فرمێسکی، بیست ساڵە
کۆ بۆتەوە و، دا دەبارێ
چاوگە دەروونێ بێ گەردە و
لە ڕێی چاوا، دەری دەبڕێ
هێز نەماوە، لە نێو لاشە
هەوڵ و کێشەم، گشت بەلاشە
بارم تاکە و، بەردی ئاشە
بۆیە گریان، بۆ من باشە
بۆیە گریان، بۆ من باشە

کاتژمێر 02:00 /یەکشەمە /٥/ ١٩٩٦/ ز
15 / 2 / بەفرانبار = گوڵان 2696 / کوردی

# ((بانگەشەی بەهار))

*******************

ڕەنگی سپی، لام پیرۆزە، چون لە شێوەی یار ئەکا
مانگ لە چواردە، چەندە جوانە، لە جوانی یار بار ئەکا
ئەستێرە هەر چەند، لە ئاسمان،جوانی خۆی ئاشکار ئەکا
بەڵام کە یار، دێتە خەندە، خۆی شاردەی کۆسار ئەکا

خۆی ئامادە کردووە یارم، دەچێ بۆ سەیر و سەفا
سەر تا پێ کوردی پۆشیوە، خاوەنی عەشق و وەفا
پێشەوای جوانانە یارم، جوان لە دوای ئەو، سەف سەفە
بەو هەموو، لارو لەنجەوە، بانگەشەی، بەهار ئەکا

سەفەرت، خێربێ ئەزیزم، بێیتەوە بۆ ئەم دڵە
لە پێشوازیت، دەپرژێنم، هەرچی گوڵاو و گوڵە
بە تۆوە جوانە ئەم شارە، پیرۆز ئەبێ ئەم گڵە
گەر تۆ نەبێ، سەرگەردانم، کێ زامم تیمار ئەکا

چوارشەم*15/ 4/1992ز | خاکەلێو: 2692/1/26 /کوردی

# (( تاریکوستان ))



لە بەختی ڕەش و ئێشی دڵ، فرە بێزار و نەخۆشم
لە بێ بڕیاری بێ بڕیار، لە خەڵکی وایە سەر خۆشم
گەر بە فریام نەگەی ( أللە)، وێڵم لەم تاریکوستانە
مەرگم باشتر دەبێ لە ژیان، گەر لە دەسدەم ئەقڵ و هۆشم

دووشەممە : ١٠ / ٤ / ١٩٩٥ / ز * * خاکەلێو : ٢١ / ١ / ٢٦٩٥ / کوردی

لە سووچێکی، ئەم جیهانە، لەم دونیایەی، فراوانە
بۆ دەردی من، نەبوو چارێ، بەدڵ نەمگوت، ئۆخخەی چارێ

یەک شەممە/١٩ / ١٠ / ١٩٩٧ /ز * ١/٨/٢٦٩٧/ک

# ((ڕۆژی ڕۆژنامەی کوردی))

بۆتـان دەنـووسم، بەنووکی خامە
تالـەیاد نـەچێت، ڕۆژی ڕۆژنـامە

یـەکـەم ڕۆژنـامەی، بـە نـاو (کوردسـتان)
بـە کوردی، دەرچوو، دووی، مانگی گوڵان
سـاڵ نەوەد و هـەشت، سـەدەی نۆزدەهـەم
بیست و دووی نیسان، لە ڕۆژی پێنج شەم
لـە (میسـر) دەرچوو، دەروازەی هونـەر
وای باس کردووە، ڕۆژ ژمێری (هاوسـەر)
پێنج شەم٢٢/٤ / ١٨٩٨/ز ** /2 /2 / 2598/ K

حـەوتی مانـگی یـەك، کانـوونی دووەم
بیـسـتی بەفرانبـار، لە ڕۆژی دووشەم
سـاڵی چل و شـەش، گۆڤار (کوردستان)
هەر لە (مـەهاباد) هاتـە ڕووی مـەیدان
دووشەم/٧/١/١٩٤٦/ز ** /2645/10/20/ K

له نۆی مانـگی یەك، سـەرساڵی حەفتا
ڕۆژنامەی کـوردی، دەرچـوو لە بـەغدا
لە بیست و دووی دە، بە مێژووی ئـاری
لە ڕۆژی هـە ینی، بـە ناو( هاوكـاری )

٩/١/١٩٧٠/ ز * هەینی * /2669/10/22/ K

پانـزەی مانـگی یـەك، کـانـوونـی دووەم
ساڵی پەنجا و هەشت، لە ڕۆژی چوارشەم
گۆڤاری (شەفەق) ، بـۆگەلمان دەرچوو
مانگی بـەفـرانبـار، لە بیست و هەشت بوو

١٥/١/١٩٥٨/ز*چوارشەممە * /2657/10/28/ K

لـە سولەیمانی، لە ( سێی ڕێبــەنـدان)
ڕۆژنامە دەرچوو، بە نـاوی ( ژیان )
لە بیـســت و یـەکی، کـانوونی دووەم
ساڵی بیست و شەش، لە ڕۆژی پێنج شەم
K/2625/11/3/ * * ز/١٩٢٦/١/٢١/

ساڵی پەنجا و نۆ، دە ی مانگی شوبات
گۆڤـارێک، بـە نـاو ( ڕزگاری ) دەرهات
لە بیست و سێ بوو، مانـگی ڕێبـەندان
لە بەغدا دەرچوو، سێ شـەم لە ڕۆژان
K/2658/11/23/ **ز/١٩٥٩/٢/١٠/

چواری ڕە شـەمێ، ڕۆژی پێنج شـەم بـوو
لـە شـاری ( بـۆکـان )، گـۆڤـارێک دەرچوو
سـاڵی چل و شـەش، بیسـت و یەك شـوبات
بـە نـاو ( هـە ڵاڵە )، هـاتـە ڕووی خـەبـات
K /2645/12/4/ * پێنج شەممە *ز/١٩٤٦/٢/٢١/

*****************************

له ساڵی سی و هەشت، بیست و پێنجی دوو
گۆڤارێك بە ناو، ( زانستی ) دەرچوو
دەکات بەرامبەر ، بە مێژووی کوردی
هەشتی ڕەشەمێ، لە ڕۆژی هەینی
/١٩٣٨/٢/٢٥/ز* هەینی * /K /2637/12/8

لە سێ ی ئادارا ، ساڵی چل و سێ
لە ڕۆژی چوارشەم، چواردەی ڕەشەمێ
لە (بەیرووت)، دەرچوو گۆڤارێکی جوان
بە ناو (ڕوژانوو) ، بۆ گەلی کوردمان
/١٩٤٣/٣/٣/ز * چوارشەم * /K /2642 /12/14

لە پانزە ی ئادار، لە ساڵی سی و دوو
گۆڤاری (هاوار)، لە (شام)دا دەرچوو
لە بیست و شەشی، مانگی ڕەشەمە
لە ساڵی سی ودوو، ڕۆژی سێ شەممە
/١٩٣٢/٣/١٥/ز* */K /2631/12/26

شــه ستی زایــه‌نی، له یــه‌کی نیســان
گۆقار(ڕۆژی نوێ)، ده رچوو بۆ گه لمان
لـه (سوله‌یمانی)، ئـاو و خـاك پیــرۆز
لـه ڕۆژی هه ینــی، له دوانزه ی نه ورۆز

/١/٤/١٩٦٠/ ز *هه‌ینی* /2660/1/12/ K

بیست و پێــنجی گوڵان، پـانزه لـه ئـایار
له ڕۆژی شــه ممــه، ســاڵی پــه نجا و چوار
بـڵاوکرایـه وه ، گـۆقـاری (هـه تـاو)
لـه شــار و لــه دێ، خـرایــه بــه‌ر چاو

/١٥/٥/١٩٥٤/ز* شه‌ممه * /2654/2/25/ K

******************************

بـڵاو کـرایـه وه، ڕۆژنــامه‌ی (هـه‌ولێر)
ساڵی شـه‌ست و یه‌ك، له گـونـد و بـاژێـر
له بیـســت و نـۆی ئاب، یانزه‌ی گه‌لاوێـژ
له ڕۆژی سێ شه‌م، پڕ وتــه‌ی به چێـژ

/٢٩/٨/١٩٦١/ز* سێ شه‌ممه * /K/2661/6/11

*******************************

لە بیست و چواری  خەزەڵوەر، یەکشەم
لە یانزەی مانگی، تشرینی دووەم
لە سەدەی بیستەم، ساڵی حەفتاو سێ
بڵاو کرایەوە ، ( ڕۆشنبیری نوێ)
K /2673/8/24/*یەک شەممە*ز/ ١٩٧٣/١١/١١

*****************************

لە چواردەی تشرین، بەڵام (نۆڤە مبە ر)
بیست و حەوتی هەشت، مانگی خەزەڵوەر
ساڵی شەست و نۆ، گۆڤاری ( بە یان )
لە ڕۆژی هە ینی، دە رچوو بۆ گە لمان
K/2669/8/27/* هەینی *ز/١٩٦٩/١١/١٤/

*****************************

لە چواردەی مانگی، تشرین /نۆڤەمبەر
ساڵی هەشتا و حەوت، لە شەممە بوو هە ر
لە پێش سەرماوەز، دوای مانگی ڕە زبە ر
بیست و شەشی هەشت، واتە خە زە ڵوە ر
دە رچوو گۆڤاری، بە نرخ و سە نگین
وێنە ی ڕەنگاو ڕەنگ، بە ناوی ( ڕە نگین )
/١٤/١١/١٩٨٧/ز* شەممە* /٢٦/٨/٢٦٨٧/ك

*****************************

پانزه ی تشرینی دووه م (نۆقـه مبـه ر)
له بیست و هه‌شتی، مانگی خه زه ڵوه ر
له ڕۆژی چوارشه م ساڵی بیست و دوو
واتـه کاتی شیـخ (مه حموود) نـه‌مربوو
ڕۆژنـامـه‌یـه‌کی، بـه (کـوردی) زوبـان
ده رچـوو بـه نـاوی، (ڕۆژی کوردستان)
لـه هـه‌فتـه‌ی جـارێك، ده‌کـرایـه دیاری
لـه چوار لا پـه‌ڕه، کۆ بـوو وتـاری

١٥/١١/١٩٢٢/ز*چوارشەم*/٢٨/٨/٢٦٢٢/ك

******************************

ئامادەم کرد له ٢/٩/١٩٩٢/ ز
* چوارشه‌ممه * K / 2692 / 6 / 15



# ئەم پێڵاوە

هێندە بەرزە و، هێند پیرۆزە، سەد هێندەش، پڕ مانا و پیتە

ئەم پێڵاوە، تاجی سەری، زۆڵەکەی، عۆجەو تکریتە

ئەم پێڵاوە، ڕۆمانێکە و ، ، تا هەتا، جێی پرس و باسە

بەسەرهاتێکی، ئاڵۆزە و، شی کردنەوەی، لای هەیاسە

ئەم پێڵاوە، خاوەنەکەی، زیندە بەچاڵی، ئەنفالە

گەواهی کردەوەی بەعسە، بەرامبەر، کورد و منداڵە

*******************************************

**14/ 4 / 2015**

**سێ شەممە : ٢٥ / ١ / ٢٧١٥ کوردی**

# ئامۆژگاری




ڕۆڵە گیان مەرگ، دەمبات بەرەو خۆی
ئەوەی دەمێنێ ، لە دوای من هەر تۆی
هەرچی من دەیڵێم ، لە بیرت نەچێ
بیکە سەر مەشقت، گەر منت ئەوێ

نەچێ لە یادت، دراوسێ و هەژار
هەستی خزم و دۆست، نەکەی بریندار
لەکاتی خۆشی و، ناخۆشی ژیان
خەڵکی لە ئاستت، نەبن پەشیمان

بێوەفا نەبیت هەرگیز لەگەڵ کەس
با سەر بەرز بیت، تا ماوتە نەفەس
دەنگ بەرز نەکەیت، لە سەر ئەم و ئەو
لە چاوی خەڵکی، نە زڕێنی خەو
شانازی نەکەیت ، بە پایە و بەماڵ
خۆت لێ نەگۆڕێ، بە زۆری منداڵ
لە لات وا نەبێ، بە تەنها هەر تۆی
لەم جیهانە دا، ئازاد سەر بە خۆی
لە خۆ بایی بوون، کاری شەیتانە
دژی فەرمانی پاکی یەزدانە

گەر ویستت، ببیت، بە گەورەی خەڵکی
خۆت کەم بزانە، نەك لە بێ کەڵکی
نیشاندەرێك بە ، بۆ خەڵکی نەزان
ئەوسا تۆ گەورەی، ڕۆڵە بە قوربان

* * *

گەر دەتەوێ تۆ، شانازی مەند بی
لە ناو خەڵکیدا، هەر سەر بڵند بی
رازییە بەکەم، بەشە نانی خۆت
نانێ کەم بخۆ، با نەشکێ ئەژنۆت

قورئان بخوێنەو، سڵاو زۆر بکە
دڵت پاك ئەبێ، لە گەرد و لەکە
داوای لێ بوردن، زوو بکە لە خوا
تا لە ڕۆژی کۆ، ئەزیەتت نەدا
مەرگ و، ڕۆژی کۆ، هێندە نزیکە
وەك ئاوا بوونە، لە قوڕگا تیکە
بەڵگەم بۆ ئەوەش، وتەی یەزدانە
(ألكَهف)ی ناوەو، وا لە قورئانە
(أصحابُ الكهف) و پێغەمبەر(عوزێر)
چاکترین، بەڵگەن، کە لێی ببی فێر

ڕاستبەو ڕاستگۆیی، بکە بە پیشە
درۆ و نا پاکی، دەرکە لە ڕیشە
کارێک، پەیوەندی گەر نەبوو بە تۆ
خۆتی لێ مەدە و مەیخەرە ئەستۆ
هاتوچۆ مەکە بۆ شوێنی بەد ناو
با نرخت نەڕوا و نەبی بە نا پیاو

نهێنی خەڵکیش، بکەی ئاشکرا
شاراوەی خۆتیش، سەری هەڵئەدا
گەر تێبکۆشیت، بۆ مل شکان کەس
بیزانە کە تۆش، هەر پێت ئەگا دەس
ڕۆڵەم بەو بەشەی، خۆت ببە ڕازی
کە خوا زیادی کرد، پێوەی نە نازی
گەر چاو لە دەستی، خەڵکی بیت، گشت کات
هەر نەبوو ئەبی و، ڕەنجت با دەبیات

* * *

شوکری خوا بکە، کاتێ لەش ساغی
کە شوکرانەت کرد، بەرزە دەماغی
گەر لە دە لاوە، پێتبدەن مووچە
ددانت بێشێ ، هەر هەمووی پووچە
یاقووت بە تۆ چی، چیتە لە مەرجان
کەوتەی سەر جێ بیت، دەردی بێ دەرمان
ئەگەر ساغیت بە ، نیعمەت نەزانی
گەوج و روو زەردی، هەردوو جیهانی
خۆ نالێم ( پارە ) وەک چڵکی دەسە
هەوڵی بۆ مەدە ، لەش ساغ بیت بەسە
( پارە ) پێویستی، هەموو مرۆڤە
دەتخاتە (شانۆ)، بەبێ پڕۆڤە
گەر پارەت نەبێ ، قەرزاری گشتکات
خەڵکی بە شێوەی، خراپ ناوتەبات
* * * * * * * *

گەر ویستت ببی تۆ بە دەوڵەمەند
هەرچیت پێ ئەڵێم، بیخەرە کەمەند
پشتت ببەستە بە پاکی یەزدان
هەرگیز نەڵێی من، دەمرم لە برسان
هەژار کەسێکە، ماڵ خۆری خەڵکە
بۆ خۆی و خوداو، خەڵکیش بێ کەڵکە
کەس سەروەتی خۆی، نە بردۆتە گۆڕ
هەموو بۆ مەرگ، ئەبێ سەرکەین شۆڕ

ڕۆڵە گیان دونیا، وەکو دەستاڕە
خەڵکی بێ ئاگاش، خزاوی باڕە
لە کاتێک (ئەقڵ)، دێتەوە سەری
کە دەستی نەگات، بە دەور و بەری

*****************************

سەرت هەڵبڕە و، ببینە مێژوو
باو باپیران و، هاوڕێی کۆچ کردوو
ڕۆژگار هاڕینی، بوون بە خۆڵەمێش
لەم دونیای بەرین، نەیانماوە کێش
ژینی ئەم دونیا، وا بووە و وایە
گەڕانەوەشمان، بۆ لای خودایە

ڕۆڵەم ، کار بکە و ئارەق بڕێژە
کار کردن لای خوا، لە کێشی نوێژە
ئەو نانەی بەڕەنج، دەیهێنیە بەرهەم
چێژی وەرئەگری، بەبێ دەرد و غەم

* * *

دڵسۆز بە لە کار، جوانبە لە ڕەفتار
دوێنێت مردووە و، سبەی نا دیار
ئەمڕۆ کە تۆ هەی، شوکری خودا کە
لە بوونی و نەبوون، ڕوو لە (مەولا) کە

لەو خاکەی دەژی و، ئازادی تیایە
بۆ تۆ و گشت کەسێک، وەکو یەک وایە
ئەو خاکە بکە بە نیشتیمانت
فیداکاری بە ، بە دڵ و گیانت
ڕۆڵە، نیشتیمان، واتە هێلانە
جێی حەسانەوەی، لاشە و، ڕوحمانە
خاکی خوداوەند ، پان و بەرینە
لەو شوێنە بژی، کە لات شرینە
گەر (ئازاد) نەبیت، لە سەر خاکی خۆت
کۆیلە بیت، ژێر خاک، زۆر باشترە بۆت

وەك هەوڵ ئەدەی، بۆ پێویستی ژیان
لە بیریش مەکە، بەندەی بۆ یەزدان
بۆ گەشتێکی کورت، بێ نرخی دونیا
هیچ لە بیر ناکەیت، دەیبەی لە گەڵتا
بەڵام بۆ گەشتی دووری ڕۆژی کۆ
هیچ لەگەڵ خۆتا، نەبەی ئاخر بۆ؟
جا ڕۆڵە بۆچی، هەتاکو ماوین
وەک کوێر بێ چرا، هەنگاو، بهاوین؟
بڕوانە بۆ دوور، ئاوێنەی ژیان
چاڵێکە شوێنت، لە ناو گۆڕستان
بە تاك و تەنها بە بێ هاودەمی
بۆ مار و مێرو، خواردنی جەمی
ئای کە گەشتێکی، دوور و درێژە
کە ڕۆژی (کۆ) هات، گشت خەڵك گێژە

هەر تاڵە موویەك، لە تۆ ڕوواوە
بەخشندەی خوایە، بە تۆ دراوە
چەنێ سوپاسی، خوای لە سەر بکەی
هێشتا هەر کەمە، بۆو کارەی دەیکەی
تا دەگا بە گشت، ئەو هەموو نازە
بە ژمارە نایەت، بە ژمێری تازە

کارێ وا نەکەی خودای میهرەبان
نەی لێ کردبێ، لە پێغەمبەران
تاوانی بچووك، بەکەم مەزانە
دژی فەرمانی، پاکی یەزدانە
ڕاستە خوداوەند، زۆر بەخشندە یە
لە گەڵ ئەوەشدا، بە جەزرەبە یە

***************************

کردەوەی خراپ، نەخۆشی و تایە
پزیشك و چاری پیاوی زانایە
زۆر مەرجە هاوڕێت، پیاوی زانا بێ
ڕێ پیشاندەرت، مرۆی دانا بێ
بەڵام دانا کەت، بۆگەن بوو کاری
بیزانە دەردت، هیچ نیە چاری
ئینجا ڕۆڵە گیان، هاوڕێت بناسە
هاوڕێ بۆ مرۆڤ، وەکو کراسە
گەر ویستت هاوڕێت بناسی تەواو
ناوی کەسێکی لا بکە شێواو
جا بیڕەنجێنە و لێی دووربە تاوێك
بەڵام بە دوایدا، گڕ بدە چاوێك
تاکو ماوەیەک، بزانە هەواڵ
دەیگێڕێتەوە، بە شێوەی منداڵ
گەر گێرایەوە وتەت، بەبێ باك
ڕووی لێ وەرگێڕە، با نەبی هیلاك

به پێچەوانەش، پاراستی گوفتەت
ڕێزی لێ بگرە، هەر وەکو قیبلەت
کە بەم شێوەیە، هاوڕێکەت ناسی
تۆش وەکو ئەو بە و، ببە بە کراسی

**********

گەر بە جەنگهاتی، لەگەڵ برادەر
دڵگیری نەکەیت، هەتاوەکو سەر
دەمەقاڵێت بوو، لەگەڵ هەرکەسێ
برا و برادەر، دوورە یان هاوسێ
ئاشتیت لە بیر بێ، ڕۆڵەم کاتی شەڕ
بۆ لێبوردنیش، گوێی خۆت نەکەی کەڕ
یان برادەرێك، لە پاش ملەی خۆت
زەمی کردبووی، گەڕایەوە بۆت
وەك فیشەکە شێت، نەچی بۆ ئاسمان
لێبوردنت بێ ، ڕۆڵە بە قوربان

****************************

***

ئەکەی بڕوا کەی، بە هەموو هەواڵ
لە ئاستی ڕاستیش، ئەبی کەڕ و لاڵ
وریابە، پارە، لە خشتەت، ئە با
بۆ گیان هیچ گەلێك، ئەبی بە دەعبا
گشت برای یەکین، بەرخەکەم ڕۆڵە
هەموو لە ئادەم، ئادەم لە خۆڵە

گەر بینیت کەسێك، وا لە هەوایە
ئەڵێن . سەییدە . شێخە . مەلایە
یان گوتیان فلان، بەرماڵی لە ئاو
وەك کەشتی دەڕوا و، تەڕ ناکا پێڵاو
بڕوانە کردەی ، کەزانیت چاکە
ببە بە هاوڕێی، لەو ڕێیە پاکە
هەیە گەورەیە، سەوزەکەی سەری
کە خزمەتیت کرد، دەتکات بە کەری

پەرتووک، بە جوانی بەرگی مەناسە
جوان هەیە پووکە، شڕ هەس هەیاسە
کە ڕێزت نواند، بۆ ناکەس بەچە
سواری ملتەبێ و، لێتەکا هەچە

دوورنیە بڵێی، قسەت زۆر ڕەقە
ئەوەش بزانە ، جێی زللە شەقە
لە دەرگا بدەی ، لەدەرگات ئەدەن
دووربە لەوانەی، خراپە ئەکەن
گەر بە قسەم بکەی، ئەوەندەت بەسە
یەك وشە بەسە، بۆ کەسێی کەسە
پەیڕەوی نەکەیت، تاوان بە ئەستۆت
هەر نەڵێی بابە، وەفام بووە بۆت
******************************

( شەممە ) 1992/10/10 / زایەنی
( ڕەزبەر ) ٢٣ / ٧ / ٢٦٩٢ / کوردی

# هەژار و دێو

پیاوێک کاڵەگێک، ئەکڕێ بۆ مناڵ
دەیهێنێتەوەو ئەیشکێنێ لە ماڵ
لە ناکاو دێوێک، دەرچوو لە ناوی
گوتی، من بەندەم، تۆم گەورە پیاوی
شتێک داواکە، گەورە یان بچووک
بۆتی دەهێنم بە ئاسانی و سووک
فکری کردەوە هەژاری داماو
لە دڵ خۆی گوتی، ئێستا بووم بە پیاو
وا چاکە، داوای، خانووی لێ بکەم
تا ڕزگارم بێت، لە تاڵی تیکەم
ڕووی کردە دێوەو، گوتی بە قوربان
خانووم پێویستە، بۆم بێرە مەیدان
دێوە پێکەنی و، گوتی هەی هەژار
بێ فکر بۆچی وشەت هاتە زار
گەر بمتووانیایە، خانووت بۆبکەم
خۆم لە ناو کاڵەگ، رزیو چی ئەکەم

یەکشەممە : ٢ / ١ / ١٩٩٤ بەرامبەر ١٥ / ١٠ / ٢٦٩٣ / ی کوردی

# دەمە تەقێی نێوان فاتمە و ئەسمەر

فاتمە رووی کردە، ئەسمەر و، گوتی
پیاوەکەت چۆن مرد، پێمبڵێ بە کورتی
ئەسمەریش گوتی، خوشکەکەم فاتە
پیاوەکەم چوو بوو، بکڕێ پەتاتە
لە بازاڕ، گوللەی وێڵی بێ ویژدان
دای لە پیاوەکەم، کردی بە قوربان
فاتمەش، لە دوای داخ، گوتی بە ئەسمەر
ئەی تۆ چیت بۆی کرد، کە بیستت خەبەر؟
ئەسمەریش گوتی، خوشکە کەم، بریا
کوێر بایام، ناچار، کردم فاسوولیا

١٤/ بەفرانبار/ ٢٦٩٣ کوردی شەممە: ١ /١ /١٩٩٤

# ((ڕەزیلی بەدخوو))

وەکو بیستوومە، لە زەمانی زوو
پیاوێکی ڕەزیل، لە شارێك هەبوو
زێڕێکی زۆری، لە ماڵدا هەبوو
ڕۆژێك لە ڕۆژان، کردیە ناو قوتوو

* * *

قوتووی هەڵگرت و، لە شار چووە دەر
لە چاڵی کرد و، خۆڵی نایە سەر
ڕۆژی سێ جاریش، دەریە کرد لە گڵ
بۆنی ئەکرد و، ئەینایە سەر دڵ

* * *

ژن و منداڵیش، پێ پەتی و ڕووت بوون
خاوەنی شەرەف، وەکو یاقووت بوون
بەڵام برسێتی کاریکرد لێیان
نانیان دەهێنا، لە ماڵ هاوسێیان

ژنـی پیـاوەکە، ڕەش بـوو هەناوی
بۆیە بە ناچار، ڕووی کردە پیاوی
گوتی پیاوەکە ، کەی ئـەمـە حاڵە
سەیری منداڵـت، ڕووت و ڕەجـاڵە
بۆ نـاڕوانیـتـە گەورە یان منداڵ
ئەو زێڕە چییـە، داتـنـاوە لە چاڵ
بە خۆت نازانیی و شەیـتان پێی کردی
یان زۆر ناکەسـە و، گـەلێ نامەردی؟

* * *

کاتێ ئەوەی بیست، لەو ژنەی هەژار
پرچی ڕاکێشـا و، دەستی دایـە دار
بـە لێدانی دار، بە زلـلـە و بە شەق
خەڵـکی کۆوە کرد، هەر بە چەقە چەق
هەرچی باش نەبوو، پیاو ئەوەی پێی کرد
هاوسێـکان هاتـن، لە دەستیان دەرکرد
گشـت خەڵك زانـی شـەڕیان بۆ چیە
هەر باسـیان ئەکرد لەوجێی چۆڵ نیە

* * *

وازی نەهێنا قرچۆکی بەدخوو
بەو هاتوچۆیەی هەر ماندوو نەبوو
هەتا ڕۆژی هات، وای گێڕا قەدەر
کە ئەو گەڕاوە، دزی چووە سەر
دز دەری هێنا ئاڵتوون لە نێو خاك
نایە باخەڵی و ڕۆیی بە بێ باك

* * *

بۆ ڕۆژی دوایی وەك جاری جاران
هاتەوە سەیری، کۆنە هەواران
هیچی تێی نەدی، کردی بە هاوار
فرمێسك لە چاو، بە خوڕ هاتنە خوار
خۆڵی کردە قوڕ، نایە بان سەری
خەڵکیش کۆوە بوون لە دەورو بەری
هاواری ئەکرد، ئەیدا بە سەریا
پۆشتەی چڵکنی، نەهێشت لە بەریا

* * *

ئـەگـریا و ئەیـوت، خۆم ئەکـەم لۆمە
جێگـۆڕم نـەکرد، خەتـا لە خـۆمـە
شـەرتـە ئەمجـارە، بێـتەوە دەسـتم
یەك بەژن دایخەم، زۆر چاك ببیپەستم

*　*　*

خێـزانە کەیشـی، وەکـو ئەو خەڵکە
چووە تـەکیـەوە و، گوتی وا مەکە
چی زۆرە قوتـوو، بەردی تێ ئەکەم
هەر لەم شـوێنـە دا، ژێر خۆڵی ئەخەم
تـۆش هەموو ڕۆژێك، وەرە سەیریکە
هەر خەمێـك هەتـە، لێـرە دەریـکە
قـوتـوو، چی تـێبێ، بـۆتـۆ هەر یەکە
زێـڕو زیـویش بێ ، بەردو کەسـتەکە

*　*　*　*

یەك شەممە
١٢ /٤ /١٩٩٢ / ز*خاکەلێو* /٢٣ /١ /٢٦٩٢/ ك

# تسلق ((بۆ قاقای پێکه نین))

تـەسـەللوقـی جیبالـم کـرد، طـەریـقـێ دوورم بـڕی
تا بە دیداری تۆ شاد بم، کـەچی تۆش دایکی کوڕی؟

عە قیدە و ثیقـەم پێت هـەبوو، جەمالت دڵمی بڕی
کە قامـەتی قـالـەم بینـی، قـە لبم لـە قـالب فـڕی

بریا تـەزەحلوقم ئـە کرد، من لە أثنـای طـەریقا
ئیـنفجاری دڵم بووایە ، لـە گـەڵ بـەرقی بـەریقا

نەمزانی قـالـەی قوڕاوی، وەك قـەیطانی قۆنـدەرە
تۆدایکیت بەو گشت جەمالە، ئەویش کەری کوڕ کەرە

# ((حەبیبەتی )) بۆ بزەی سەر لێو

خۆشەویستی دڵ و گیانـم ( أنـتِ القـمَـرفی) ئاسمانم
فیداتـم (یا نـُور عَیني ) بێ تۆ پـووچـە من ژیانـم
(حبیـبتی ) ئاوی چاوم (فی حُبـُکي) من سـوتـاوم
(أحبَبتـُـکي مِن کـُل قلبِـي) خۆشـتم ئەوێ تاکوماوم
کە من ئەتبینم (علی الباب) دەبرژێم بۆت (مِثلَ الکباب)
(لا تعجَبین مِما أقـول) سەرخۆشم بۆت(بدون شَراب)

/ ١ / ١ / ١٩٩٣ / زایە نی **هەینی** / ١٤/١٠/٢٦٩٢/ کوردی

# مەرگ و ژیان و بەرزەخ

مردنیش نەبێ، پیریت لە پێشە
هەموو ساتێکی، هەر دەردو ئێشە
مەرگ دوای تەمەن ، نیعمەتی خوایە
نۆبەی بەرزەخە و ، مردنشی تیایە
دوای مەرگی یەکەم بەیەك تروکەی چاو
دەگوێزرێیتەوە بۆ دیوی شاراو
لەو دیو ئەو پەردەی، بەرزەخی ناوە
ژیان دەبەیتە سەر، خەونە و تەواوە
تێیدا دەبینیت ، کۆچکردووی پێشوو
کردار باش بوو بیت، تێی نابی ماندوو
خۆزگە ناخوازیت، بە ڕابردووی ژیان
نالێی خودایە، بمبە ئەو جیهان

***********************************

بەڵام مرۆڤی، کردە نا شیرین
لە خوا دەخوازن، بچنەوە ئەو ژین
ئەڵێن بۆ جارێک، پێماندە مۆڵەت
رەفتار باش ئەبین، بەر لە قیامەت
پێیان دەوترێ لە دەستاندا کات
پێتان وترا بوو، بڕواتان نەهات
ئێستاش بنۆشن، خەونی پڕ ئازار
هەتا ڕۆژی کۆ وابن شەرمەزار
بەڵام چاکە کار، دەفڕێ چڵاو چڵ
دەنیشێتەوە بە ئارەزوی دڵ
شوکرانە بژێری پەروەردگارە
ترسی نیە لە ، مەرگی دووبارە
چونکە ئەزانێ، دوای مەرگ (کۆ)یە
دەربازبووی خەونەو، ژین ڕاستەوخۆیە
*********************************

ئادەم هەڵدەسێت، لە سەر جووتە پێ
بەوەی دەیبینێت، لای سەیر ئەبێ
ئەڵێ خودایە بەم ترووکەی چاوە
من چی دەبینم ، چیم لێ قەوماوە
ژمارەیەك بووین لە پێش چەن ساتێ
نە چاو بڕ دەکا و نە دەنگ دەیگاتێ
بەم کات و ساتە، چۆن وا بووینە زۆر
لە ڕەش و سپی، لە ڕەنگ هەمە جۆر؟
ئەمە ڕۆژێکە ، کە حەشری ناوە
قوڕ بە سەر ئەوەی، کار نا تەواوە
ئەو کەسەی ئێستا ، خودای لە یادە
ئا لەو ڕۆژەدا چوست و ئازادە
لە دوای شۆردنێك دێتەوە لاوی
ڕێی بەهەشت ئەگرێ و دەچێتە ناوی
ئیتر نامرێ و ژیان بێ کۆتایە
دڵیش چی بوێ لە خزمەتیایە

له لات وا نەبێ هێندە ئاسانە
بەهەشت بۆ کەسێ، کردەوەی جوانە
دۆزەخیش هەیە ، لەگەڵ زەمهەریر
بۆ تاوانباران، لە گەنج و لە پیر
ئای چ ڕۆژێکە، چەنێ سامناکە
لەو ڕۆژە تەنها شێت لێی بێ باکە
بۆ ئەوانەی وا ، سنووریان بەزان
گاڵتەیان ئەکرد، بە خودا و قورئان
ئەی نەتدەزانی، دونیا شانۆیە ؟
تاقیگەیێکە ، بۆ من و تۆیە ؟
ئەی نەتدەزانی، دەورت ئەکتەرە ؟
بێ ئاگا لە خواو، ئەو پێغەمبەرە؟
ئەی نەتدەزانی ، خودا بینەرە ؟
دونیا خولێکەو، پلەی لە سەرە ؟

# بۆ لاوانی نیشتیمان

فرمێسکی چاوان، مەرگی وڵاتە
زیندوکەری خاک، عیلم و خەباتە
خوێندەوارێک بە، بۆ گەل و خاکت
هەر زانین چاوگەی، ئاوی حەیاتە

مەرد تاج لە سەرنێ، گەوهەرو مەرجان
دەور نایگۆڕێ ، تا مابێ لە ژیان
کە ڕێزت نوواند ، بۆ تاکی گەلت
سەرت بەرزەبێ، لە ئاستی جیهان

هەر گەلێك لاوی ، سست و بێ هێزە
لە ناو گەلاندا ، گەلێ بێ ڕێزە
بۆ ئەوەی هەرگیز ، نە بی سەر نخوون
دووربە لە مەستی و ، دەوری ئەو مێزە

هاوڕێی شەو و ڕۆژ، هەر ئەقڵی خۆتە
نەزانین دژتە و، پێی لە ئەستۆتە
گەر بە نەزانی، خۆراکت نا دەم
ئەنجام خراپ بێت، خە تا لە خۆتە

هیوا....... ڕوناکی سەر لێ شێواوە
هیوا....... ئەتباتە ئەو جێی تەواوە
هیوا بڕ مەبە، بە ڕۆژگاری ڕەش
هەر هیوا بڕاو، بێشک دۆڕاوە

سەرکەوتن هەرگیز، نایەت بە شمشێر
تەنها بە خوێندن، گەل ئەگات بە خێر
هەر گەلێک زانا، لە سەر مەشقی بێ
ناوی هەر ئەبەن، بە مەرد و دلێر

(گەلاوێژ) ٢٠/٦/٢٦٩٢/ کوردی
دووشەممە /٧ /٩ /١٩٩٢ / زایە نی

# (( کاروان سەرا ))

هاتنە جیهان و مەرگ نۆبە یە
تەمەن بوو بە چل، کاتی تۆبە یە
خەڵکانێک لە ڕێن، دێنە ڕووي جیهان
هەندێك لە گەشتن، بۆئاخیر زەمان
جا خۆت گێل مەکە، مرۆی بەهرە دار
لە کاروان سەراین، لە سێبەری دار
ماوەی تەمەن کورت، لە ژوور هەتا دەر
نە دار دەمێنێ و، نە سێبەر تا سەر
جار جار بڕوانە ، ئاوێنەی مێژوو
یار و یاوەران، هاوڕێی کۆچ کردوو
خاک هەڵیلووشین، بوون بە خۆڵەمێش
لەم دونیای فانی، نەیانماوە کێش

******************************

کە فەرمانی دا ، خالقی جەلیل
بەتەنها فوویەک ، لە دەم ئیسرافیل
هەرچی شاخ هەیە نایمێنێ ئەسەر
چی لە ژێر خاکە هەمووی دێتە دەر
هەرچی لاشەیە، وا بووە بە خۆڵ
گەر لە سەحرا بێت، یان لە شاخ و دۆڵ
دەیخاتە سەر خاک، بە هێزی یەزدان
بە سەریا ئەڕژێت، نمەیەک باران
ئەوسا رووح وەکو، باران لەگەل خاک
دێتەوە لاشەی، چاکان و نا پاک
زیندوبوونەوە ، وەک ساتی مەرگە
هەر هەمان شیوەو، هەر هەمان دەنگە
لە دوای پژمینێک، دێیتەوە سەرخۆ
دێتەوە یادت ، چیت کردبێ تۆ
*********************************

دێتەوە یادت، خێرو تاوانت
چرکە بە چرکەی، کردەوەکانت
کە بینیت دونیا، نەماوە وەک خۆی
پەنجەت ئەگەزی، کە سوتا بووی بۆی
ئەڵێی سەد بریا، بۆ ژیانی راستی
هەوڵم بدایە، بە گوێرەی ئاستی
نە مەرگێک هەیە، بتشارێتەوە
نە ڕابردوویەک، دەگەڕێتەوە
گەر تاوانبار بیت، زۆر شەرمەزاری
ڕووناکی لە ڕووت، نایمێنێ دیاری
کردەوەت باش بێ، دیار ئەبی لە دوور
لە سەر هەتا پێت، ئەدرەوشێ لە نوور
سەرت وا بەرزە، هێندە دڵ خۆشی
بۆ دیداری خوا، لە کوڵ و لە جۆشی
* *************************** *

خوایە ئیلاهی، خاوەنی ئەسرار
ئا لەو ڕۆژە دا ، نەبین شەرمەزار
تەرازووی کردار، دڵخۆشگەرمان بۆ
کردەوەی باشمان، تاجی سەرمان بۆ
حەشرمان بکەیت، هەر لەگەڵ باشان
لەو رۆژە سەختە، نەبین پەرێشان
لە دونیای فانی، گێل بووین و نەزان
کەتبووینە دوای، هەنگاوی شەیتان
هیدایەتمان دەیت، لە پێش مەرگ و کۆ
ئەو پەردە لادەیت، بێینەوە سەر خۆ
لەهەردوو جیهان، بگەین بە ئاوات
لە سەر موحەممەد، هەزار سڵاوات

---

شەممە: ١٧ / ١ / ٢٠١٥
(( بەفرانبار ))*** 30 / 10/ 2714 / کوردی***

# تۆ ببەخشە

تۆ ببەخشە لە دونیادا هەتا ماوی لە سەر پێ
دڵت خۆشمەکە بە سبەی لە لات وا نەبێ کە دێ
زۆرمان بینین لووت بەرز بوون بەرزتر لە لووتکەی شاخ
سوێند بە خودا بۆی نەڕەخسا لە پیش مەرگی بڵێ ئاخ
ئەگەر دڵت بەوە خۆشە کوڕو کچت لە دوایە
یان پۆزی ئەوە لێدەدەی پارەت زۆرە وەک کایە
دڵنیابە تۆ چیت کردووە بۆ باوک و باپیرانت
ئەوانیش ئەوەت بۆ دەکەن لە سەر قەبری وێرانت
لە دوای مەرگت تەنها سێ رۆژ گریان و لە خۆدانە
لە دوای سێ ڕۆژ هەر گلەیی و لەسەر ماڵ لێک تۆرانە
کچ دەڵێ بەشی من کوانێ گۆڕاو گۆڕچێ ئەو بابە
ڕۆژێک یادی مەرگی نەکرد بێ ئاگا لەو حیسابە
ئەگەر لات وایە هەژاری رووت لێ دەکات بە بەخشین
ئامۆژگاری خۆت وەرگرە لە کۆتایین مورسەلین
نەبوونی و سامان و ساغی ئیمتیحانی دونیایە
ئەگینا هەژارو زەنگین خاوەنیان یەک خودایە
هەرکامیان بیت لەم دوو چینە بێگومان دەچێتە سەر
خەسارەت مەندە ئەوکەسەی نەگرێ شارێی پێغەمبەر

سێ شەممە //٢٥//٢//١٩٩٢/ز
*** /٧//ڕەشەمێ//٢٦٩١/ك ***

# (( پەندی ڕۆژگار ))

زۆر پێمەکەنە،،، ناژیت هەتا سەر
ماوەی تەمەن کورت، لە ژوور هەتا دەر
ئەوەی بمێنێ و، باش بێ،، هەر ناوە
مردوون ئەوانەی،،،،، ناویان زڕاوە
فیرعەون و هامان،، قارۆون و نەمرود
ناویان هەر ماوە ، بەڵام بەچی سوود

* * *

دەوڵەمەند، هەژار، زانا، چ ، نەزان
هەر ڕاکە ڕاک بوو، لە دوای نەوس و نان
لە کۆتاییشدا، خاک هەڵیلووشین
دونیا نەی پۆشی، بۆیان بەرگی شین
ئەمەیە دونیا،،،،،، بێ وەفاو ناهاڵ
خاکیش وەک سواڵکەر، برسی و سک بەتاڵ

((سیدشکور میراصفهانی)) دووشەممە ٧ / ٩ / ١٩٩٢

# (( من قوتابیم )) بۆپۆلی سەرەتایی




قوتابیم لە قوتابخانەم، بێ ئەو وێرانە لانەم
مامۆستا خۆشمی ئەوێ، دوا ناکەوم لە وانەم
هەر دەخوێنم تا ژیر بم، خاوەنی هەست و بیر بم
لە ناو ناخی دڵمەوە، سپی و سادە وەک شیر بم
ڕێزی مامۆستام لایە، ئەو هەڵگری چرایە
خوایە تاڵی نە چێژێ، بیپارێزی خودایە

**************************************

٢٧/٧/٢٦٩٥/کوردی    یەکشەممە/١٥/١٠/١٩٩٥/زایینی

# ((سێ کورتە شیعر))

گە لێ بڕوام هەبوو خۆمن، بە خزمان و کەسوکارم
کەچی لە ڕۆژی تەنگانە، کەسێك نەگەییە هاوارم
گەر لە تەنگانە ، نەپرسی، براکەم تۆ لە ئەحوالم
جا لە خۆشی تۆم بۆچییە، کە خاوەن هێزو بە کا رم

کە دەڵێن ئەوا بەهارە، زامەکانم دەکولێنەوە
هاوڕێیانی هاوتەمەنم، یەك بە یەکیان بیردێنەوە
ئەشکی گەرم و کوڵی گریان، ئەڵێی گڕکانی شاخانە
بە دیدەمدا گوزەر ئەکەن، لە بەر پێما دەتوێنەوە

قیامەت هەڵسا کە دیم یار، دەستی لە دەستی غەریبە
نەخۆشکەوتم، نەخۆشییەك وا، کە دەوای نیە و عەجیبە
خیانەت بوو کردی یارم،، نامە دەنێرم بۆ ئومە م
ئەم کارەی کە یارم کردی، سەربڕینی عەندەلیبە *

*************************************

سێ شە ممە ٢١/نیسان/١٩٩٢/ز / ١/گوڵان/٢٦٩٢/ك

# { مەتەڵی كوردی }

مـەتـەڵـی كـوردی ، ( هـەژدە پیـت ) تـەواو
بۆ (چیـرۆك نووس و، شاعیـر) بوون بـە ناو
یەك و، دوو، سێ و، هەشت (پۆشـتەی باڵایە)
چوارو، پێنـج و، یـەك، هـەشـتـیش (نـزایـە )
یەك و، دوو و پێنج و چوارو هەشـت و شەش
(بگات بە هیـوای، ڕووی پێی دەبێ گـەش)
شەش و، هەشت و، حەوت، (زمانی دە ستە)
تـۆ حاڵی ئـەكـات، .... كـە چـی مـەبـەسـتـە
هـەر لـە سـێـنـزە وە، هـەتـاكـو حـە ڤـدە
(ناوچـەی دڵ ڕفێـن)، وەك بـووكی پـەردە
گـەر چواردە و یانـزە، یەكـی لـە گەڵـبـێ
هەژدە و حەڤدە شی، ئـەگـەر لەو سـەربێ
ئەبێت بە ناوێك، بۆ هـەسـت نـاسكان
بـە وشـــەی پـیـرۆز، هێـز ئـەدەن بـە گیان

نـۆ و پـێـنـج ، هەمووکات، پێویستە بۆ ژیان
نـۆ و حەڤدە و چواریش، نەمری لە بـرسان
چواردە لە گەڵ دوو، سێنزە و پێنج وشە ش
لـە کەشتـی دا بـیـت، دە تـکا مـشـەوەش
سـێـنزەو حەوت و هەشـت، پێـنـجیشی لە دوا
کە تێـرت لـێـی خـوارد، سوپاسکە بـۆ خـوا
چواردە لەگەڵ دوو، حەوت و شانزەوشەش
کە گرتی ئـەژنـۆت، چـارەت ئەکا ڕەش
پێنج ، لەگەڵ شانزە و، حەڤدە لـە گە ڵ دوو
پێـی ئـامادە بـووی، چونـکە بـۆ تـۆ بـوو
حەڤدەو دوانزەو هەشت، حەوتیش سعوودی
پـێـویسـتـتـە لـە حـەج، تـا نـەبـی ماتـدی
پیاو ، دە و دوو و چـواردەی، هە بێ نا پاکە
گەر وا بێ مرۆڤ ، مـەرگ بـۆی چاکە
گەر سـێـنزە و دوانزە و یانزە و چوارو دوو
گەیشـتـە تـەکـت، ئـاوی دەرێ زوو
سـێ لە گە ڵ شانزە و، حە ڤدە و پێنـج، دارە
هـە نێ جـار بـە ری ، وە ك زە هـری مارە

له پانزه و شانزه و، حه قده و هه ژده و هه‌شت
خوا یارمه تی داین، له سووچێکی که‌شت
پانزه و حه‌وت و هه‌شت، پێنج . شانزه، حه قده
ناوه و دا ئه نرێ ، بۆ ئه وه‌ی کورده
یه ك و شانزه و شه ش، هه ژده ش پاڵه وان
دڵسۆزو هێز بوو ، بۆ پێغه مبه رمان
پانزه ، حه قده ، پانزه ، پێنجیشت، پێبێ
ده خۆی هه رشتێك ،، خۆت حه زت لێی بێ
به سێنزه و چوارده و، دوانزه و شه ش و، دوو
دووژمنی چه په ڵ ، له ماڵم ده رچوو
خه نده ی دوانزه و هه شت، حه قده ی بێ بڕیار
که چووم به دوایدا، کردمی شه رمه زار
له نۆ ، تا ، پانزه ، گه وره برای دێ
هه رچی ئه و ده‌یگوت ، ده کرا جێ به جێ
ده ، له‌گه‌ڵ شانزه و،، چوار .له گه‌ڵ ، حه قده
له هه رجێ زۆر بێت، نه خۆشی و ده رده
سێنزه و، هه ژده و هه شت ، پێنجیش، ته واوه
ئه وه ی بیزانێ، زانایه و ، شیاوه
ئه م هه ژده پیته ، ناو و نیشانه
ناسراو و دیاره ، له م نیشتیمانه

# ((سیتری ستتار))

ئەمن، سەر بەرزی، ڕۆژی کۆم
لەم ژییانـەش کە تێیدا هەم
نەبووم بە داردەستی دوژمن
نەژیامیش ساتێ بە بێ غەم
ڕۆژگارم هەر تـاریکی بوو
شەوگاریـشم خەونی ناخۆش
بە تەنها ستری ستتار بوو
لە دەستـم نەدا ئەقڵ و هۆش
بەختم یار دەبوو هەر نەبـام
لەم ژینەی پڕ لە ئازارە
حیـکمـەتی بوونـم نازانـم
ئەو سـیرڕە لای کـردگـارە

به گەورەییت قەسـەم گەورەم
هیوام بەم دونیا نەماوە
هەرچی خۆشـی ئەدا بە ژیـان
لە لای من چیلکەی شکاوە
هەر خۆت گەواهی حالم بووی
تەمەنم چۆن چوو بە پووچی
سێبەرێك کە ئاواتم بوو
نەبوومە خاوەنی ، بۆچی؟
ئـاخریـن داواکـاری من
لە شـاهی ئـەرزو ئـاسـمانـە
ببەخشێ بەندەی شەکووری
کە ناخی پڕ لە گریانە
************************

9 / 12 / 2011 / ز هەيني
2711 / 20/9 ( سەرماوەز)

# یادی ناوداران


چۆن گەل دەتوانێ، کە خۆی بژێنێ
ناوی ناوداری، ئەگەر نەمێنێ
هەر گەلێک ناوی، ناوداری نەما
ئەوە گەل نیە، چش با نەمێنێ
باش بێ یان خراپ، مێژووی خۆمانە
نابێ بیرکرێن، یەکێ لەم دووانە
دوو یادگاریمان، هەیە لەم ژینە
یەکێکی تاڵەو، یەکی شیرینە
گەر لە بیریکەین، هیچ نەکەین باسی
نەوەی دوای ئێمەش، ئەڕوا بە کاسی

*********************************



پێنجی یەنایر، حەفدەی بەفرانبار
لە ڕۆژی پێنج شەم، ساڵی هەشتا و چوار
ڕۆشنبیری کورد، زانای بە وەفا
( تەوفیق وەهبی بەگ ) دەرچوو لە دونیا

پێنج شەممە( ٥ / ١ / ١٩٨٤ ) ز * (17 / 10 / 2683) K




**لە ساڵی ( دە ) بوو، لە ڕۆژی پێنج شەم**
**لە سێنزەی مانگی، کاتوونی دووەم**
**لە بیست و شەشی، مانگی بەفرانبار**
**زیاتر لە شەست ڕۆژ، پێش زەنگی بەهار**
**شاعیری مەزن، بەخشی ژیانی**
**( شێخ ڕەزا ) ی ناسراو بە تاڵەبانی**

---

**پێنج شەممە / ١٣ / ١ / ١٩١٠ ز / 26 / 10 / K / 2609**

*********************************



له ساڵی سی و پێنج، شەشی مانگی دوو
نۆزدەی ڕێبەندان، رۆژی چوار شەم بوو
کوردێکی رەسەن، عگید و دڵ ساف
کۆچی دوایی کرد ( ئەحمەد موختار جاف )


چوارشەممە / ٦ / ٢ / ١٩٣٥ / ز / 19 / 11 / 2634 / K



لە بیستی شوبات، لە سێی ڕەشەمە
لە ساڵی هەژدە، ڕۆژی چوارشەمە
هاتە دونیاوە، شاعیری گەلمان
بە ( دڵدار ) ناسراو، لە گشت کوردستان

ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زوبان
نایشکێنێ دانەری، تۆپی زەمان

چوارشەممە / ٢٠ / ٢ / ١٩١٨ / ز / 3 / 12 / 2617 / K




لە هەژدەی نیسان، ساڵی هەشتاو شەش
هەینی بوو کە غەم، لە کورد کرا بەش
شاعیری مەزن، (هێمن) ی دڵسۆز
کۆچی دوایی کرد، بیست و نۆی نەورۆز

*****************************************************

هەینی : ١٨ / ٤ / ١٩٨٦ / ز *

خاکەلێو = 29 / 1 / 2686 / K



له بیست و سێی چوار، واته له نیسان
ساڵی شەست و دوو، سێی مانگی گوڵان
بە دەستێکی ڕەش، خەڵکێ لابەلا
تیرۆر کرا بوو، ( نجم الدین مەلا )
لە قوتابخانەی، بە ناو (کەشتی نووح)
دووشەم دۆزراوە، لاشەی بە بێ رووح

دووشه ممه: ٢٣ / ٤ / ١٩٦٢ / ز
مانگی گوڵان : 3 / 2 / 2662 / K
هونەرمەند (عوسمان شارباژێری) یەکێک بوو لەو
بەڕێزانەی لاشەکەیان دەرهێنا لە قوتابخانەی کەشتی
نووح لە سلێمانی لەدیدارێکیدا لەگەڵ من فەرمووی
پێش ئەم مێژووەشەهید کراوە بەڵام لەو ڕۆژە

--------------------------------



# ئەسعەدی مەحوی، کۆچی کرد لە ژیان
# لە مانگی نیسان، لە پێنجی گوڵان
# ساڵی حەفتاو شەش، لە سەدەی بیستەم
# لە سەیوان نێژرا، لە ڕۆژی یەکشەم

***********************************

یەکشەم : ٢٥ / ٤ / ١٩٧٦ / ز، بانەمەڕ = گوڵان / 5 / 2 / 2676 / K

---

ساڵی ١٨٩٨ لەدایک بووە، سەرەتایی ژیانی پەروەردەیی و خوێندنی لای مەلا خالیدی باوکی بووە دواتر لەساڵی ١٩١٠ ڕووی کردۆتە قوتابخانەی(سەید ئەحمەد) ساڵی ١٩١٤ بۆ خوێندنی سەرەتایی ئاینی لەحوجرەی(خواجە ئەفەندی) بووە لەوێ خوێندنی قورئانی پیرۆزی تەواو کردووە.
ساڵی ١٩١٥ بۆ خوێندنی ڕەسمی و حکومی لە قوتابخانەی(اعدادی) سلێمانی وەرگیراوە.
لە نزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکان بووە و ئەو زوڵم و زۆرەی لەلایەن داگیرکەرانەوە لەشعرەکانی ئەسعەدی مەحویدا رەنگی داوەتەوە، ڕوخانی حکومەتی خواری کوردستان و ڕاپەڕینی ڕۆژی شەشی ئەیلولی بەردەرکی سەرا و بەناحەق شەهیدکردنی خەڵکی شارەکەی سوێی شعری مەلا ئەسعەدی کولاندۆتەوە هەڵبەستی بۆ ئەو یادە ووتووە.




مامۆستا ( قانع )، برای هەژاران
کۆچی دوایی کرد، لە حەفدەی گوڵان
ساڵی شەست و پێنج، لە حەوتی ئایار
لە رۆژی هەینی، کرا گۆڕەشار

*************************************************

هەینی : ٧ / ٥ / ١٩٦٥ / ز

مانگی گوڵان / 17 / 2 / 2665 / K

*******************************************

# شێخ محمد ئەمینی خاڵ



**لە ڕۆژی سێ شەم، لە دووی حوزەیران**
**لە ساڵی سی و یەک، چواردەی جۆزەردان**
**شێخ ( ئەمینی خاڵ )، بە ماڵئاوایی**
**هەوارگەی چووە ، شوێنی تەنهایی**

****************************************************

سێ شەممە: ٢ / ٦ / ١٩٣١ / ز

مانگی جۆزەردان : 14 / 3 / 2631 / K



## کۆچی دوایی شاعیر ( ئەسیری )

***  ***  ***  ***

سـاڵی شـەسـت و دووو، هەژدەی حوزەیـران
سـی و یـەکەمیـن ڕۆژ، مانـگی جۆزەردان
( ئـەسـیـری ) شـاعـیر، لـە سـەدەی بیستەم
کـۆچـی دوایـی کرد، لـە ڕۆژی دووشـەم

*************************************************

دووشەممە : ١٨ / ٦ / ١٩٦٢ / ز
مانگی جۆزەردان : 31 / 3 / 2662 / K

*************************************************



سالّی هەزار و نۆسەد و پەنجا

( پیرە مێرد ) ی ژیر، دەرچوو لە دونیا

لە ڕۆژی دووشەمە، نۆزدەی حوزەیران

لە یەکی پووشپەڕ، لە دوای جۆزەردان

**************************************************

دووشەممە : ١٩ / ٦ / ١٩٥٠ / ز

پووشپەڕ : ١ / ٤ / ٢٦٥٠ / ك

**************************************



*******************

چوارشەم لە هەفتە، بیست و سێ ی یۆنیۆ
حەسەن ی قازی، ناسراو بە ( شاهۆ )
کۆچی دوایی کرد، شادبێ بە کەوسەر
ساڵی حەفتاو یەک، لە چواری پووشپەڕ

---

چوارشەممە: ٢٣ / ٦ / ١٩٧١ / ز * 4 / 4 / 2671 / K
مامۆستا مەلا حەسەنی قازی کوڕی مەلا عبدالقادری
مودەریسی گەورەی خانەقای بیارەی شەریفە و کچەزای
حەزرەتی شێخ عومەری بیارە قدس سرە کە
بە(شاهۆی شاعیر ناسراوە ساڵی ١٩٣٥ هاتۆتە جیهانەوە



( حەسەن زیرەک )

حەسەن عەبدوڵڵا، باوکی ( ئارەزوو )

کۆچی دوایی کرد، رۆژی دووشەم بوو

لە هەشتی پووشپەڕ، خەوی چاوی گەش

ساڵی حەفتاو دوو، بیست و شەشی شەش

**************************************

دووشەممە: ٢٦ / ٦ / ١٩٧٢ / زایەنی

پووشپەڕ : 8 / 4 / 2672 / K



( ئەمین زەکی بەگ) سەر دەستەی نووسەر
لە ڕۆژی شەممە، بیست و دووی پووشپەڕ
لە دەی تەمموز بوو، ساڵی چل و هەشت
بارەگای چووە ، ناو باغی بەهەشت


************************************

شەممە: ١٠ / ٧/ ١٩٤٨ / زایەنی
پووشپەڕ: 22 / 4 / 2648 / K



بیست و دووی تەمموز، چواری خەرمانان
( بێدار ) ی هۆنەر، کۆچی کرد لە ژیان
لە ڕۆژی هەینی، دڵی پڕ لە سۆ
خاکەشار کرا،ساڵی چل و نۆ
****************************************

هەینی : ٢٢ / ٧ / ١٩٤٩ / زایەنی
خەرمانان: ٤ / ٥ / ٢٦٤٩ / ک




بیست و چواری حەوت، شەشی خەرمانان

(عەلی مەردان) ی، خاوەن وشەی جوان

سالّی هەشتاو یەک، هونەرمەندی تاک

لە ڕۆژی هەینی، کرایە ژێر خاک

*************************************

هەینی : ٢٤ / ٧ / ١٩٨١ / زایەنی


خەرمانان : 6 / 5 / 2681 / K



کاک ( ڕەفیق حلمی ) مامۆستای ڕێی دوور
کۆچی کرد بەرەو، ژیانی بێ سنوور
لە ساڵی شەست بوو، پێنج شەم لە ڕۆژان
چواری مانگی ئاب، حەڤدەی خەرمانان

****************************************

پێنج شەممە : ٤ / ٨ / ١٩٦٠ / زایەنی
خەرمانان : 17 / 5 / 2660 / K




کۆچی دوایی کرد، شاعیرو بویژ
مامۆستا ( بێخود )، شەشی گەلاوێژ
ساڵی پەنجاو پێنج، بیست و پێنجی هەشت
پێنج شەم بوو شاد بێ، بە باغی بەهەشت
*************************************

پێنج شەممە: ٢٥ / ٨ / ١٩٥٥ / زایەنی
گەلاوێژ: 6 / 6 / 2655 / K



لە ڕۆژی شەممە، لە بیستی ئەیلوول
دووی مانگی ڕەزبەر مانگی گەردەلوول
( حوسەینی حوزنی )، کوردی موکریان
ساڵی چل و حەوت، کۆچی کرد لە ژیان

شەممە : ٢٠ / ٩ / ١٩٤٧ / زایەنی
ڕەزبەر : 2 / 7 / 2647 / کوردی

| لاپەڕە | بابەت | لاپەڕە | بابەت |
|---|---|---|---|
| 1 | پاڕانەوە ئیلاهی یا الله | 33 | ئەشکی حەسرەت ٢ |
| 2 | چیرۆکی ژیانی من | 34 | ئەشکی حەسرەت ٣ |
| 3 | نیشتیمان | 35 | ئەشکی حەسرەت ٤ |
| 4 | چیرۆکی پێ لێنراو | 36 | ئەشکی حەسرەت ٥ |
| 5 | بەلبەلە | 37 | چی بنووسم ؟ |
| 6 | مانگە کوردییەکان ١ | 38 | بەفرو خوێن |
| 7 | مانگە کوردییەکان ٢ | 39 | مەڵێن مەگری |
| 8 | مانگە کوردییەکان ٣ | 40 | بانگەشەی بەهار |
| 9 | کاروانی خەم | 41 | تاریکوستان |
| 10 | گەلاوێژی بەربەیان | 42 | ڕۆژی ڕۆژنامەی کوردی ١ |
| 11 | سەرینی مەرگ | 43 | ڕۆژی ڕۆژنامەی کوردی ٢ |
| 12 | فیدای نەققاش بم | 44 | ڕۆژی ڕۆژنامەی کوردی ٣ |
| 13 | ژیان بە تووە خۆشە | 45 | ڕۆژی ڕۆژنامەی کوردی ٤ |
| 14 | ئەستێرە شوناس | 46 | ڕۆژی ڕۆژنامەی کوردی ٥ |
| 15 | لەگەڵ شەماڵا | 47 | ڕۆژی ڕۆژنامەی کوردی ٦ |
| 16 | عاقیبەت تەمەن ١ | 48 | ڕۆژی ڕۆژنامەی کوردی ٧ |
| 17 | عاقیبەت تەمەن ٢ | 49 | ئەم پێڵاوە |
| 18 | عاقیبەت تەمەن ٣ | 50 | ئامۆژگاری ١ |
| 19 | ئەی پەری | 51 | ئامۆژگاری ٢ |
| 20 | کوڵبینەی دڵ | 52 | ئامۆژگاری ٣ |
| 21 | وەسفی دایک | 53 | ئامۆژگاری ٤ |
| 22 | نازداری ئەرمەن ١ | 54 | ئامۆژگاری ٥ |
| 23 | نازداری ئەرمەن ٢ | 55 | ئامۆژگاری ٦ |
| 24 | نازداری ئەرمەن ٣ | 56 | ئامۆژگاری ٧ |
| 25 | هەوڵی بێ وچان ١ | 57 | ئامۆژگاری ٨ |
| 26 | هەوڵی بێ وچان ٢ | 58 | ئامۆژگاری ٩ |
| 27 | دڵبەرەکەم ١ | 59 | ئامۆژگاری ١٠ |
| 28 | دڵبەرەکەم ٢ | 60 | ئامۆژگاری ١١ |
| 29 | دڵبەرەکەم ٣ | 61 | ئامۆژگاری ١٢ |
| 30 | سزاو سۆز | 62 | ئامۆژگاری ١٣ |
| 31 | خەندە | 63 | ئامۆژگاری ١٤ |
| 32 | چیرۆکی ئەشکی حەسرەت ١ | 64 | هەزارو دێو |

| لاپەڕە | بابەت | لاپەڕە | بابەت |
|---|---|---|---|
| 65 | دەمەتەقێی نێوان فاتمەو ئەسمەر | 95 | مامۆستا هێمن |
| 66 | ڕەزیلی بەدخوو ١ | 96 | ئەجمەددین مەلا |
| 67 | ڕەزیلی بەدخوو ٢ | 97 | ئەسعەدی مەحوی |
| 68 | ڕەزیلی بەدخوو ٣ | 98 | مامۆستا قانع |
| 69 | ڕەزیلی بەدخوو ٤ | 99 | شێخ محمدامینی خاڵ |
| 70 | ئَسلَق و حبیبتي بۆخەندەی لێو | 100 | شاعیر ئەسیری |
| 71 | مەرگ و ژیان و بەرزەخ ١ | 101 | پیرە مێردی نەمر |
| 72 | مەرگ و ژیان و بەرزەخ ٢ | 102 | حەسەنی قازی (شاهۆ) |
| 73 | مەرگ و ژیان و بەرزەخ ٣ | 103 | حەسەن زیرەک |
| 74 | مەرگ و ژیان و بەرزەخ ٤ | 104 | ئەمین زەکی بەگ |
| 75 | بۆ لاوانی نیشتیمان ١ | 105 | شاعیر ( بێدار ) |
| 74 | بۆ لاوانی نیشتیمان ٢ | 106 | عەلی مەردان |
| 77 | کاروان سەرا ١ | 107 | مامۆستا ڕەفیق حلمی |
| 78 | کاروان سەرا ٢ | 108 | شاعیر ( بێخود ) |
| 79 | کاروان سەرا ٣ | 109 | حوسەینی حوزنی |
| 80 | کاروان سەرا ٤ | 110 | کۆتایی |
| 81 | تۆ ببەخشە | | |
| 82 | پەندی ڕۆژگار | | |
| 83 | من قوتابیم / بۆ پۆلی سەرەتایی | | |
| 84 | سێ کورتە شیعر | | |
| 85 | مەتەڵی کوردی ١ | | |
| 86 | مەتەڵی کوردی ٢ | | |
| 87 | مەتەڵی کوردی ٣ | | |
| 88 | سێتری ستتار ١ | | |
| 89 | سێتری ستتار ٢ | | |
| 90 | یادی ناوداران | | |
| 91 | تەوفیق وەهبی بەگ | | |
| 92 | شێخ ڕەزای تاڵەبانی | | |
| 93 | ئەحمەد موختار جاف | | |
| 94 | دڵداری شاعیر | | |





نیشتیمان

له باتی فرمێسکی چاوان ، ئەشکی خوێنینم بۆڕشتی
چ ڕۆژگارێک بوو که بینیم ، ڕزگارم نەبوو له مشتی
ئێستاش کاروانم تێپەڕی ، تەمەن ڕۆیی و شکا پشتی
سێبەرێک که ئاواتم بوو ، نەبوومه خاوەن یەک خشتی

ڕۆژی هەینی /11/27/ 1998 ز ، بەرانبەر 9/9/ 2698/کوردی

******(( کوڵبینەی دڵ ))******



هەتا لاوم  با هۆنراوەم وەکو پیرێک دابنێم
نەک لە پیریم بخەڵفێم و نەتوانم هەر هیچ بڵێم
١٩٩٢